# کوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە



کنێر عەبدوڵڵا

# کوشتنی ژنان

# لە ئاماری میدیاکانەوە

هەواڵنامەی کتێب

کنێر عەبدولڵا

ناوی کتێب: گوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە

نووسینی: کنێر عەبدوڵڵا

مۆنتاژو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠٠٨

ژمارەی سپاردن: (٢٩٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێسپێردراوە

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٢٨-

پێشکەشە

بەڕۆحی ئەو مرۆڤانەی

لەپێناوی خۆشەویستیدا

گیانیان لەدەستدا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

مافەکانی ژنـان لـەئیمڕۆدا یەکێکـە لـەو مەسـەلانەی لەسـەر ئاستی جیهـان بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی مشتومڕو گفتوگۆی زۆری خستۆتەوە، وێـڕای ئەوەی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا مـاوەی چەندین ساڵە هەنگاویان نـاوە رووەو ئاسـتە جیاوازەکـانی خوێنـدنو بـوارە جۆربـەجۆرەکانی کـارکردن، لەهەمانکاتـدا بـۆ بـەدیهێنانی مافـە مرۆییـەکانیان خـەباتی هەمـەجۆریان گرتۆتەبەر، بەڵام تـا ئێستا بەدەست چەوساندنەوە، جیاکاریو پێشێلکرنی مافەکانیان دەناڵێنن، بەتایبەت لەکۆمەڵگە تەقلیدییەکانـدا کـە مامەڵەکردن لەگـەڵ ژنو مافەکانیـدا لەچوارچـێوەیەکی تەسـکی تەقلیدیـدا خـۆی دەبینێتەوەو هەمیشە بەچاوێکی کەمترو بێمـافتر لـەپیاو تەماشادەکرێت ئـەو تێڕوانینەش پشت ئەستوورە بەزۆرێك لەکولتوور، داب‌ونـەریتی کۆمەڵایـەتی، ئەقڵییەتی پیاوسالاریی لەکۆمەڵگەدا، لەگەڵ ئەوەی ژنـانی کورد لەهەوڵدانـدا دانـەبڕاون، بـەڵام بـەردەوامو ئاشـکرا رووبـەڕووی جیاکـاریو جۆرەکـانی توندوتیژیی دەبنەوە کە دیارترین جۆری ئەو دیاردانەش لەکۆمەڵگەدا تاوانی کوشـتنی ژنانـە بـەبیانووی شـەرەف کـە بەیـەکێك لەشێوازەکانی جیاکاریو پێشێلکاریی دادەنرێت سەبارەت بەمافەکانی مرۆ بەگشتیو ژنـان بەتایبـەتیو

لەزۆرێك لەكۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا هاوشێوەن، تەنانەت یەكێكە لەو دیاردانەی هەڕەشە لەئارامیی كۆمەڵگە دەكاتو دەبێتە بەربەستێك لەڕێگەی پێشكەوتنی ژنان لەكۆمەڵگەدا.

بوونو مەترسی ئەم دیاردەیە لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا وا دەخوازێت هەریەك لەلای خۆیەوە هەڵوەستەی جدیی و كاریگەری هەبێت، توێژینەوەو لێكۆڵینەوەو شیكاركردنو راڤەكردن دەروازەیەكی دیكەیە لەسەر زانینی قەبارەی كێشەكەو خستنەڕووی هۆكاروچارەسەرو پێشنیازی هەمەجۆر كە بێگومان فاكتەری جۆربەجۆری كۆمەڵایەتی، دەرونیی، زینگەیی، پەروەردەیی، ئابوریی‌و رۆشنبیریی لێدەكەوێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لێكۆڵینەوەیەكە لەسەر تاوانی كوشتنی ژنان بەبیانووی شەرەف لەئاماری میدیاكانەوە، بەو هیوایەی باسەكە ببێتە مایەی سەرنجو بەدواداچوونی بەرپرسانو لایەنە پەیوەندیدارەكان لەسەر هەڵوەستە وەرگرتنی جدیتر بۆ نەهێشتنو بنبڕكردنی ئەم كێشەیە لەكۆمەڵگەدا.

وێڕای سوپاسو پێزانینم بۆ گشت ئەو هاوڕێو لایەنانەی هاوكارییانكردم بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە و بوونی وەك سەرچاوەیەكی نوێ بۆ خوێنەرانو كتێبخانەی كوردی.

كنێر عەبدوڵڵا

## ناساندنی چەمکەکان :

ئاوڕدانەوە لەو چەمك و زاراوانەی کرۆکی هەر لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەیەك پێکدەهێنن گرنگیی و کاریگەریی خۆی هەیە ، ئەوەش بەهۆی تێروانین و لێکدانەوەی جیاوازی زانا و فەیلەسوف وبیرمەندەکان لە رووی فرە رەهەندی هەر مەسەلەیەك کە دەبێتە جێی قسەکردن . بۆیە پێناسە وناساندنی هەریەك لە چەمکەکانی توندوتیژی ، کوشتن ، شەرەف و تاوان گرنگێتی و بایەخی خۆی دەبێت ئەگەرچی لە رووی بوارە کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، ئابووری و دەروونییەکانەوە ناکرێت تەنها لە پێناسەیەکدا کورت بکرێنەوە ، بەڵکو فرە پێناسە لەخۆ دەگرێت ، بۆ نموونە چەمکی توندوتیژی بەگشتی بە چەندین شێوە و مانای جیاجیا پێناسە کراوە لەوانە : بە کردارێك ناسێنراوە کە هەڵگری خسڵەتێکی دوژمنکارانەیە لە لایەنێکەوە پیادە دەکرێت کە دەشێت تاکەکەس ، لایەن ، گروپ یان کۆمەڵ و دەوڵەتێك بێت ، مەبەست لێی ملکەچپێکردن و بەکارهێنانی لایەنی بەرامبەر بێت ، ئەوەش بەهۆی پەیوەندییەکی نایەکسان و نابەرابەر لە روویی ئابوریی یان کۆمەڵایەتی یاخود سیاسییەوە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لێکەوتنەوەی زیانی ماددی ، گیانیی یان دەروونیی تاك ، کۆمەڵ یان دەوڵەت ، لە لایەکی دیکە توندوتیژی دژ بە ژنان : بریتییە لەهەر کردەوەیەکی توندوتیژی دوژمنکارانە یان ئازاردەر یاخود سوکایەتیپێکردن کە بەهۆی پاڵنەری دەمارگیری رەگەزی و بەهەر هۆیەك بێت بەهۆی " ژنبوونی "یەوە دەرهەق بە ژنان ئەنجامدەدرێت و ئازاردانی دەروونی ، جەستەیی ، سێکسی و نەهامەتی لێدەکەوێتەوە ، لەو میانەیشەوە توندوتیژییەکە هەرشەکردن

دەگرێتەوە بە ئەنجامدانی کاری هاوشێوە یان ملکەچپێکردن یاخود ناچارکردن و بێبەشکردنی لە ئازادی لە ژیانی گشتی یان تایبەتی .

لە هەمان کاتدا ناکرێت لەناو چوارچێوەی تەنها پێناسەیەکدا چەمکی شەرەف بخرێتە روو، چونکە بە درێژایی مێژوو بە پێی تێروانینی قۆناغەکە فۆرمی جیاجیا ونوێی لەخۆ گرتووە ، جگە لەوەی بە درێژایی مێژوو بیری چینێك یان دەستەیەکی دیاریکراو بووە و گوزارشتی لە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە یان دەستەیە کردووە ، وە داکۆکیکردن لە مانەوە و پارێزگاریکردنی بەهایەکی پیرۆزی بەبەرداکردووە و لە نێوەندی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیشدا بۆتە چەمك و کولتورێکی چەسپاو ، بەزاندنی سنوری ئەو کولتورەش مرۆڤی خستۆتە بەردەم لێپرسینەوە وسوکایەتیپێکردنی جۆربەجۆرەوە ، وێرای ئەوەی ئەفسانە و ئایین رۆلێکی گەورەیان بینیوە لە دارشتن و رەنگرێژکردنی مانا و چەمکی شەرەف کە سەرپێچیکردنی تاوانێك دەخولقێنێ. بۆیە کوشتن بەوە پێناسە دەکرێت کە قێزەوەنترین کار وتاوانە مرۆڤێك بەرامبەر کەسێکی تر ئەنجامیدەدات و دەرئەنجام گیانلەدەستدانی لێدەکەوێتەوە ، بۆیە ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە بە تاوانبار ناودەبرێت و تاوانلێکراویش ئەو مرۆڤە دەبێت کە تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجامدراوە .

لە رووی یاساییەوە وا پێناسە کراوە کە ( کارێکی تاوانکارانەیە لە کەسێکەوە بۆ ئەویدی ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی لەناوبردنی گیانی مرۆڤێکی زیندوو ) . یان بەمانای( لێکترازانی رۆح دێت لە جەستەی یەکێك کە بە دەستی مرۆڤێکی دیکە دەکوژرێت ، بە واتایەکی دیکە گواستنەوەی مرۆڤە لە ژیانەوە بۆ مەرگ ).

هەولێرنامەی کتێب

بە واتایەکی دیکە چەمکی شەرەف : بریتییە لەو پەیمانە ترسناکەی کراوەتە پێوەرێك بۆ رەوشت و فۆرمێك بۆ کۆمەڵگە و زیندانێك بۆ ژنان ، چونکە ئەو چەمکە لە کولتوری پیاوسالاریدا ئاماژەیە بۆ لایەنی سێکسی ولەکەدارکردنیشی بە شەرەفی پیاو و خێڵ و بنەماڵە گرێدراوەتەوە ، بۆیە سەرپێچیکردنی ژنان لەهەر رویەکەوە بوو بێت بە مانای شکاندنی شەرەفی پیاو ، خێزان ، خێڵ یان بنەماڵە دێت ، ئەوەش لە روانگەی بە موڵکیەتزانینی ژنەوە دێت لە لایەن پیاوەوە ، هەر ئەوەشە وای لەپیاوکردووە لە پێناو پاراستنی شەرەفیدا لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لە ژن هەبێت .

ئەنجامی تێپەراندنی چەند قۆناغێکیش شەرەف وەك سامانێکی رەمزی خێڵ تەماشاکراوە و رۆڵ و کاریگەری لەسەر تاکەکان هەبووە .

تاوانیش وەك یەکێك لەو چەمکانەی کرۆکی لێکۆڵینەوەکەی لەخۆگرتووە لە رووی ئیجرائیەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵە رەفتارێکە کە هەردەم دژ و پێچەوانە دەوەستێتەوە بەرامبەر بیر و باوەر و هەڵوێست ورەفتاری کەسە ئاساییەکانی ناو کۆمەڵگە و هەمیشە ئەو تاوانە زیانێکی ماددی و گیانیی لێدەکەوێتەوە ، ئەوەش مانای وایە تاوان دیاردەیەکە دژ بە سروشتی مرۆڤایەتی .ئەگەرچی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تاوان بەو رەفتارە دەوترێت کە دژی دابونەریتی کۆمەڵایەتییە ، بەڵام مەرج نییە دەقێکی یاسایی لە بەرامبەریدا هەبێت .

" جان جاك رۆسۆ "خاوەنی بیردۆزی کۆمەڵایەتی ، وا پێناسەی تاوان دەکات : بەوەی هەرکردارێکە دەبێتە هۆی پچراندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا .رۆسۆ کاتێك باس لە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکات کە

پەیمانێکە لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسیی وولاتدایە ، بە پێی ئەوە کەسەکان واز لە هەندێ مافیان دەهێنن و لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ئەو کات مافەکانیان بۆ بپارێزێت ، کەواتە هەر لادانێك لەو پەیمانە بە تاوان دایدەنێت .

## کاریگەری ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کوشتنی ژنان

ئەو ناوەندانەی رۆڵیان هەیە لەسەر کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف چەند ئاستێکی جیاوازیان لەخۆگرتووە لەوانە :

### ١- خێزان :

خێزان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك یەکەم ژینگەی پەروەردەکردنی مرۆڤ رۆڵێکی بەرچاو وکاریگەری هەیە لە شەرەفی ئەندامەکانی کە دواتر بە ئەرکی گشت تاکەکانی دەزانرێت پاریزگاری لێبکات ، ئەوەشە وایکردووە گەر یەکێك لەو تاکانە ببێتە مایەی ئاوزراندن یان لادان و بەزاندنی سنورەکانی کە بۆی دانراوە ، لە لایەن نێرینەیەکی خێزانەکەوە سزا و هەرەشەی لێبکرێت و زۆرجاریش دووچاری کوشتن ببێتەوە ، چونکە دواجار تاکەکان لە رێی خێزانەوە دابو نەریت و بەهاکان وەردەگرن تا روبەرووی قسەلۆك و لۆمەی کۆمەڵگە نەبنەوە و بەچاوی سووك تەماشایان نەکرێت ، بوونی شێوە و ئاستە جیاوازەکانی خێزانیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وایکردووە رودانی شێوازی توندوتیژی خێزانیی نەك تەنها لە نێوان ژن و پیاودا روو بدات ، بەڵکو بۆ ئاستی منداڵ و ، دایك ، خوشك و کچیش درێژەی هەبێت . ئەگەرچی ناتوانرێت مێژووی جیهان و چیرۆکی توندوتیژی خێزانیی لەیەکتر جیابکرێتەوە ، چونکە ژن لە هەموو

هەواڵنامەی کیبر

جیهاندا لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە دووچاری سزا دەبن جا جیاوازی زمان ، ئایین ، دابونەریتی نێوان کۆمەڵگەکان بەهەر شێوەیەك بێت .لێرەوە تۆڵەسەندنەوە لە نێوان ئەو دوولایەنەدا دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی کێشەکانی خێزان و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ، چونکە دەشێت بەهۆی بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێیان ، دابڕان وستی پەیوەندیەکانی لێبکەوێتەوە لە نێوان خێزان و خزمەکانیاندا، جگە لەوەی لە رووی ئابوریشەوە بەرەو دارمان دەچێت ، چونکە خێزانەکان لە پێناوی خۆپاراستنیان سەرقاڵی بیرکردنەوە دەبن ، نەك بژێوی ژیان ، بەتایبەتی ئەگەر تاوانبارەکە سەرۆك خێزان بێت ، کە لەدوای هەڵهاتنی یان گرتنی ، تاکەکانی خێزان تووشی جۆرێك لە پەرتەوازەیی وبێسەرەوبەرەیی دەبن و باری ئابوریان رووەو خراپی دەچێت ، لە لایەکی دیکەش بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیان کار دەکاتە سەر سەرگەردانی منداڵ و سەرقاڵبونیان بە کارەوە ، کە بەمەبەستی تێرکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ، پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێك کاری خراپ و نایاسایی کە زۆرجار تاوانی فورسیشی بەدوادا دێت.

## ٢- کۆمەڵگە :

کۆمەڵگەی کوردەواری لە چەند چین و توێژێك پێکدێت ، کە چەند چەمکێکی ئاینیی و کۆمەلایەتی و سروشتی دەبنە بنەما و بنچینە بۆ پێکهێنانی دابونەریت ، یان لاسایبیاوێك ، کە لە لایەن خەڵکەوە پێرەو دەکرێت و رەنگە جیاوازی هەبێت لە گەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروبەریدا ، هەروەها هەموو کۆمەڵگەکانیش کاریگەری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەخەنە

سەر یەکتری . لەهەمان کاتدا ئەو دابونەریتانەی کۆمەڵگە پشتی پێدەبەستێت و دەیکاتە یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بەخۆی ، مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیاریکراو و جیاوازیان هەیە ، چونکە هەندێکیان بە پێی گۆڕانکاریی ئابوری ، ئاینی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی پەیدا دەبن و لەناو کۆمەڵگەکاندا ڕەگ و ریشە دادەکوتن . تاکەکانی کۆمەڵگەش ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیەکی ئاڵۆز گرێیان دەدات ، کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەهۆی ئینتمابوونی تاکەکانی بە عورف و دابونەریت و یاساکانی ناو کۆمەڵگە دەگونجێت کەسێك بە تۆمەتی شەرەف بکرێتە قوربانیی لەسەر دەستی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بە بێ ئەوەی لە نێوانیاندا پەیوەندی خوێن یان خزمایەتی هەبێت .کۆمەڵگەی کوردیش کە بە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ناسراوە و خاوەنی کولتورێکی گشتگیرە وەك زۆربەی کۆمەڵگەکانی ترهەڵگری کۆمەڵێك نەریت و کولتووری خۆیەتی وچوارچێوەیەکی نیمچە داخراوە ، ئەستەمە تیایدا هەندێ خەسڵەتی نوێ قبوڵ بکرێت ، ئەگەرچی لە ڕووی ڕواڵەتەوە بونیادی نوێی تێدا دەردەکەوێت بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری هەمان خەسڵەتە کە بریتییە لە داخران و پاراستنی ڕەهەندە تەقلیدییەکان ، لەو کولتورەدا جەستەی ژن بە موڵکی بنەماڵە و خێزان دەزانرێت کە دواجار بەهۆی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵ و ئەو بنەما ودەسەلاتەدا ، لەژێر ناوی شەرەف چەندین ناولێنان و بیانووی بۆ هێنراوەتەوە لە پێناو پتەوکردنی دەسەڵاتیان . هەر دەستێوەردانێکیش لەو جەستەیە بە مانای دەستدرێژیکردن دێت بۆ سەر خێڵ و پارێزگاریکردنی دەکەوێتە ئەستۆی پیاوانی بنەماڵە وخێڵەوە، هەر لادانێکیش لەو دەستورە بە یاخیبوون دادەنرێت و لەبەرامبەریدا سزای

توندی هەیە، ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردەواری لە زوربەی پێکهاتەدا بە کولتوری کۆمەڵگە و وولآتانی دراوسێوە هاوپەیوەندی و کارلێکراوە ، کە تا ئێستا ژن لەناو ئەو نەتەوانەدا پەراوێزە وناسنامەی لێ سەندراوەتەوە .
بێگومان تۆڵەسەندنەوەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئارامیی و ئاسایشی یەکە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ، چونکە زیادبوونی ئەم دیاردەیە بەگشتی دەبێتە هۆی دڵنیانەبوونی کۆمەڵگە لە سامان و ماڵیان و هەمیشە ترسی لەدەستدانیان دەبێت ، چونکە کەسی بەرامبەر زۆرجار بۆ تۆڵەسەندنەوە دەستدرێژی دەکات ، ئەگەر تەماشای کۆمەڵگەی کوردەواریش بکەین پاش گۆرانکارییەکان لە بونیادی کۆمەڵآیەتیدا و سەرهەڵدانی هەندێ دیاردەی نوێ لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵآیەتییەکاندا هەندێ شێوەی دیکەی تۆڵەسەندنەوە سەریهەڵداوە کە لەناوەرۆکدا هیچ جیاوازیەکیان نییە لە گەڵ بەسەرهاتە کۆنەکان ، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کاریگەری کولتوری ئەو کۆمەڵگەیە لە رەفتاری تاکەکانیدا رەنگدەداتەوە و بەهۆی پیرۆز تەماشاکردنی زاراوەیەکی وەك تۆڵەسەندنەوەش ، کۆمەڵگە دووچاری چەندین کێشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە

## ٣- خێڵ :

دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆرترین رێژەی بەرچاو و دیاردەی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف لە ناو خێڵدا ئەنجامدەدرێت . چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی ، پاراستن و پیرۆزراگرتنی بەها و بیروباوەرەکانی ناو خێڵە ولەکەدارکردنی مەسەلەی شەرەفیش وەك هەستیارترین بابەت لەناو خێڵدا بێدەنگبونی تاکەکان لێی کاریکی ئەستەمە ، بۆیە ناوەندی خێڵ شیاوترین

ژینگەیە بۆ جێبەجێکردنی کوشتن لەسەر شەرەف بێ جیاوازی رەگەزەکان بە گشتی و رەگەزی مێ بە تایبەتی. چونکە خێڵ هەمیشە وابەستەیە بە بەهاو و یاساکانی بۆخۆی دایناوە بۆیە جیاوازیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەسەر شێوازی بیرکردنەوە وجۆری هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانە و کولتورەکەیان ئەوەش وا دەکات ئەو مرۆڤە تووشی هەندێك حاڵەتی دەرونیی تایبەتی ببێت کە نەتوانێت پشوودرێژ وکۆنترۆڵی هەڵچونی ناخی خۆی بکات ، لەهەمان کاتدا زووهەڵدەچێت بە شێوەیەك ناوەندەکە هاندەری دەبێت تا هەستێ بە ئەنجامدانی کاری کوشتن لەسەر شەرەف .ئەگەرچی سەرەتا ئەم چەمکە تەنها بە مێینەکان تایبەت نەبووە بەڵکو بۆ یاخیبوونی نێرینەکانیش بووە لە پرنسیپەکانی خێڵ ، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی نێرینە ووردە ووردە ئەم چەمکە زیاتر چووە ئەستۆی ژن .

## ٤- دەوڵەت :

ئەگەرچی دەوڵەت بەرپرسێکی سەرەکی کۆمەڵگەیە ، بەڵام دەشێت هەندێ جار خۆی ببێتە بکەری ئەم جۆرە دیاردەیە یان فاکتەرێك بێت بۆ روودانی، چونکە سەرچاوەی دانانی دەستوور و یاساکانی دەوڵەتە ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ باوەر و دابو نەریتە کۆمەڵایەتیی و دەقە ئاینییەکان ، جگە لە کەمیی جۆری ئەو سزا یاساییانەی بۆبکوژان دانراوە کە تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف ئەنجامدەدەن ، لەم ئاستەدا لەناو خودی دەوڵەتدا ئەم دیاردەیە بە گوشندەترینیان دەدانرێت ، بۆیە ئەرکی دەسەڵاتی دادوەرییە سزای ئەنجامدەرانی ئەو تاوانبارانە قورس بکات ،وەئاشکرایە کە ئامانجی

دەوڵەتیش بریتییە لە پارێزگاریکردن لەماڵ و سامان و ژیانی هاوڵاتیان و دابینکردنی ئارامیی ، ئاسایش و ژیانێکی دوور لە کێشە بۆ سەرجەم دانیشتوانەکەی ، بەڵام کاتێک دیاردەی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە لە ناوچەیەکدا زیاد دەکات پێویستی بەهێز و توانای ماددی و مەعنەوی زیاترە و هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک بێت بەر لەو تاوانە بگرێت و کۆنترۆڵی بکات ، لێرەدا دەوڵەت بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی ئەو دیاردەیە هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی گشت ئامێر و ئامرازێك کە گشت ئەو ئامادەباشییەش کاریگەری لەسەر بودجەی دەوڵەت بەجێدەهێڵێت و بەو شێوەیەش دەبێت بڕێکی زۆری داهات بۆ ئەو بوارە تەرخان بکرێت .

## کورتە مێژوویەک لەسەر کوشتن بە بیانووی شەرەف

دیاردەی تاوانی کوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خراپ و کردەیەکی قێزەوەن و وێرانکەر رەگێکی مێژوویی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و لە کۆمەڵگە سەرەتایی ، کشتوکاڵی و تا رادەیەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بوونی هەیە و بە دیاردەیەکی دێرین هەژمار دەکرێت ، مرۆڤ وەك میکانیزمێك بەکاریهێناوە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێك جا ئەو ئامانجە تایبەت بە کەسێك یان گروپێك بوو بێت ، بەڵام جۆری کوشتنەکان بە پێی تاك ، کۆمەڵگە ، شوێن ، کات ، قۆناغ و سەردەمەکان فرەرەهەندە و شێوازی جۆربەجۆری لەخۆ گرتووە وەك فرە رەهەندی وپێناسە وهۆکار و ئامانجەکان ، بۆیە لێرەوە خود لە تاوانەکانی نێو کۆمەڵگە بەرپرسیار دەبێت لە کاتێکدا هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە شێوەیەکی سادەوە بۆ ئاڵۆز دەگۆڕێت کە هەمیشە لە کۆمەڵگە سادەکاندا مرۆڤەکان پێکەوە ژیاون و لە

لادان ، سزا ، توندوتیژی و کوشتن بەدەر نەبوون ئیتر بە پێی زیادبوونی پێداویستی مرۆڤەکان و فراوانبوونی شێوازی پەیوەندییەکان بەرەو گۆران چووە ، ژنانیش لەو نێوەندەدا وەك کۆیلەیەك تەماشا کراون و لە مافەکانیان بێبەش بووە ، هەمیشە وەك بەخێوکەری منداڵ و جیبەجێکەری پێداویستی و خواستەکانی پیاو مامەڵەی لەگەڵ کراوە و پیاویش بە موڵکی خۆی زانیوە .ئەگەرچی زاناکان هۆکاری تاوانی کوشتن بۆ گەلێك هۆ دەگێرنەوە کە توێژەران پێیان وایە هۆکاری پاراستنی شەرەف ، بەرگریکردن لەخۆ ، تۆڵەسەندنەوە ، پەروەردەی خێزان ، ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆکارە دەروونییەکان پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لە ئاراستەکردنی تاك بەرەو تاوانی کوشتن و کاری نایاسایی ، وە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن چەندین بەند و بەست دابتاشن و بیکەنە پاساوێك بۆ داپۆشینی تاوانەکانیان ئیدی هەندێك جار ئەو پاسایانە بەرگێکی پیرۆزی ئاینیی ، کولتوری ، دابونەریتی توند یان هەست و نەستێکی ویژدانی بەبەردا دەکرێت لە لایەن کۆمەڵگەوە .

بە مەبەستی زانینی کاریگەرییەکانی کوشتنیش بەسەر کۆمەڵگەوە گرنگە باس لە دوو جۆر کوشتن بکرێت لەوانە :

١- کوشتن وەك کردار .

٢- کوشتن وەك پەرچە کردار .

کوشتن وەك کردار :

مەبەست لێی ئەوەیە کەسی بکوژ کوشتن وەك هۆکار لە پێناوێکدادەگرێتە بەر بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجێك کە پێشتر نەخشەی بۆ دەکێشێ وئارەزووی کوشتنی تێدا هەیە و بە بێ هیچ فشار و

پاڵپەستۆیەك تاوانەکە ئەنجام دەدات . بە واتایەکی دیکە بکوژ کوشتن وەك کارێك ئەنجامدەدات لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ، لێرەوە بۆ تیشکخستنە سەر کوشتن بە بیانووی شەرەف دەتوانرێت بوترێت زوربەی کوشتنەکانی ژنان بە نەخشەدانان لەناو دەبرێن لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە وەك برا ، باوك ، مێرد و تەنانەت ژن و ماڵە باوك و مێردەکەی ، جگە لە خزم کەسوکار ،جاری واش هەیە کەسێکی ناسیاو بەشداری لە کوشتنەکە دەکات کە لەوانەیە نەزانێت مەسەلەکەیش چییە .

## کوشتن وەك پەرچەکردار :

لەم جۆرەدا بکوژلە بەرنامەیدا نییە کوشتن ئەنجام بدات بەرامبەر بە کەسێکی تر بەڵکو فشارە ماددی و معنوییەکانی روبەرووی دەبێتەوە دەبێتە هۆی پارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە وکەسی بکوژ لە پێناوی مانەوە و بەرگریکردن لە خۆی پەنا بە کوشتن دەبات ، لێرەوە کوشتن دەبێتە میکانیزمێك بۆ پارێزگاریکردن لە خودی شتە پیرۆز و بەها رەمزییەکان کە پاش ئەوە وەك نموونەیەکی جوانیی خۆی نمایش دەکات ، بەو شێوەیە کوشتنی کەسێکی نزیك و ئازیزی هەر مێینەیەکی خێزان بە بەها و رەهەندە رەمزی و ئەخلاقیەکان بارگاوی دەبێت و بە شێوەی سرینەوەی عەیبە و پاککردنەوەی شەرەف و نامووس راڤە دەکرێت . بێگومان گەلێك رەهەند و فاکتەری رەمزی و ئاینیی و ئەخلاقی هەن لە نێوان کولتوور و بەهاکانی کۆمەڵگەدا خۆیان حەشارداوە و دەبنە بزوێنەر و جوڵێنەری دەستی بکوژەکە کە بە درێژایی مێژوو و قۆناغە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە شێواز و فۆرمیی جیاوازی بەخۆوە بینیوە . دیارە سەرهەڵدانی دیاردەی کوشتنی ژنانیش بە بیانووی شەرەف لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە سستمی

باوکسالاری وەك عورف و دابونەریتێك سەپاندویەتی وسزای تەنها بۆ ژن داناوە و پیاویش لێی قوتار دەبێت. کۆمەلگەی کوردەواریش وەك هەر کۆمەلگەیەکی رۆژهەلاتی و بە پێی مێژوو پەیوەستە بە کۆمەڵێك بەهاو نەریتەوە کە لەم کردەیە بێبەش نییە و هەمیشە لە گشت روویەکەوە شەرەف وابەستەی ژن کردووە ئەگەرچی تێروانین بۆ چەمکی شەرەف لە کۆمەلگەیەکەوە بۆ ئەویدی بە پێی جیاوازی پێکهاتەکانی کۆمەلگە ، قۆناغەکان ، ئایدۆلۆجیا و بیروبۆچوونەکان دەگۆرێت .

## پاڵنەرەکانی تاوانی کوشتن

سەرهەڵدان و رودانی هەرجۆرێك لە تاوان یان دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی بۆ یەك فاکتەری تایبەتی ناگەرێتەوە ، بەلکو چەندین هۆکار و پاڵنەری تر رۆڵ دەگێرن لە دروستبوون و دەرکەوتنی دیاردەیەکی نوێ یان هەر تاوانێك . کوشتنیش وەك جۆرێك لە تاوان بەدەر لەو هۆکارانەی لە لایەن زانایان و توێژەرانەوە ئاماژەیان پێکرا ، خۆی لە ( تۆڵە سەندنەوە ، پاراستنی شەرەف ، بیری تەسکی هۆز و تایەفەگەری ) دەبینێتەوە . پاڵنەر و هۆکاری دیکەش هەن کە کاریگەری راستەوخۆ و بەتینیان هەیە بە تاوانی کوشتنەوە و پشکیان هەیە لە گەلآڵەکردنی هەستی تاوانکردن لای تاکە کەس ، گومانیش لەوەدا نییە هۆکار و پاڵنەرەکان بەپێی کات و شوێن لە کۆمەلگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و لەناو یەك کۆمەلگەشدا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گۆرانی بەسەردا دێت ، ئەوەش کار دەکاتە سەر پێکهاتە و جۆر و شێوازی تاوانکردنەکە ،چونکە هەر کۆمەلگە یان ناوچەیەك بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە هەموو رەهەندە

جیاوازەکانی ژیاندا رەنگیداوەتەوە . لێرەوە بە کورتی باس لە هۆکارەکانی تاوانی کوشتن دەکەین کە خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە لەوانە :

## ١-پاراستنی شەرەف :

ئاشکرایە لای هەمووان کە پاراستنی شەرەف و کەرامەت لای گەلە سەرەتایی و گوندنشین و کشتوکاڵییەکان هۆکاری راستەوخۆیە بۆ روودانی تاوانی کوشتن ، چونکە چەمکی شەرەف لای ئەو گەلانە هزری چینێك یان دەستەیەکی دیاریکراوە و گوزارشتی لە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە کردووە ،داکۆکیکردن لە مانەوە و پاریزگاریکردنی بەهایەکی پیرۆزی بەبەردا کراوە لە نێوەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، ئەوەش لە ماوەی زەمەنێکی دوورودرێژدا بووە بە فەرهەنگ و کولتورێك کە سنوربەزاندنی ، مرۆڤ دەخاتە بەردەم لێپرسینەوە و سوکایەتیپێکردنەوە .

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردیش بە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و نەریتپارێز ناسراوە و خاوەن بەهایەکی گشتگیرە لەم کولتورەدا ، لەهەمان کاتدا جەستەی ژن بە موڵکی پیاووبنەماڵە دەزانێت ، ئەم موڵداریتی و دەستبەسەراگرتنە رەهایە لە کولتوری ئەقڵی کۆمەڵایەتی ، پێکەوەگرێدانی کۆمەڵ و ئەو بنەما و دەسەڵاتەداچەندین ناووبیانویان بۆهێناوەتەوە لە ژێرناوی شەرەفدا تا ئەو دەسەڵاتەی پێ پتەوبکەن هەر بۆیە پارێزگاریکردنی شەرەف لە ئەستۆی پیاوانی بنەماڵە وخێڵدایە و هەر لادانێکیش لێی بە یاخیبوون دادەنرێت وە لەبەرامبەر هەر یاخیبونێکیشدا سزایەکی توند هەیە بە بیانووی ئەوەی خێڵ بەرەو هەڵدێر دەبات .

## ٢- پاڵنەری بەرگری لەخۆکردن :

سروشتی مرۆڤ وایە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا بە دەگمەن دان بە راستییەکاندا بنێت هەمیشە بۆ بیانوو پاساودەگەرێت بۆ پۆشینی تاوان و سەرپێچیەکانی ، لەم روانگەیەشەوە بەرگری لەخۆکردن یەکێکە لەو بیانووە دیارانەی تاوانباران تاوانی خۆیانی پێدادەپۆشن ولە راستی و دروستی هۆکاری سەرپێچیکردنەکەیان دەشارنەوە ، بێگومان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تاکیش لەو خەسڵەتە بێبەش نییە کە بەماف خۆی بزانێت تاوانێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدات وەپێی وابێ بەرگری لەخۆی کردووە ئەوەش مەترسیدارە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگەکەمان ، جگە لەوەی پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە دەشێت هەندێکیان لە ئەنجامی فشاری هێرش یان دەستدرێژیکردنە سەریان ناچارکرابن بەرگری لە خۆیان بکەن و پاشان تاوانێك ئەنجام بدەن ، بەلأم ئەوەش نابێتە بەڵگەی تەواو بۆ ئەوەی باوەر بە بیانوەکان بکرێت ، چونکە پێش هەموو کەس تاوانباران لەو کاردا سودمەند دەبن و هاندەریان دەبێت تا بۆ تاوانکردن بگەرێنەوە ، بەوەش پەشێوی و نائارامیی لە کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە و جێبەجێکردنی یاساش دەبێتە کارێکی قورس و گران .

هەواڵنامەی کتێب

## ٣- هۆکاری پەروەردەیی خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی :

پەروەردە وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی ئامانجی فێرکردنی تاك و گروپەکانە بە ئەزموون وزانیارییەکان، هەروەها گرنگیدەدات بە هاوپێوەر و رەوشتە بالآکان و بۆ تاکەکانی دەیگوێزێتەوە ، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی پێکهاتەی کەسێتی یان بە ئامانجی بەشداریکردنی

لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە .جا بە پەروەردەکردنی باشی تاکەکان مرۆڤی باش بۆ کۆمەڵگە دێتە بوون و بە پێچەوانەشەوە مرۆڤێکی شەرەنگێز و تاوانبار بەرهەم دێنێت خێزانیش وەك رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لە کەسانێك پێکدێت کەچەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ، ئەخلاقی،رۆحی وخوێن پێکیانەوە گرێدەدات و بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەژیانی تاکە کەسدا . کۆمەڵگەی کوردەواریش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی خێزان رۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە لە پەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا ، بەهۆی بوونی ئەو دابونەریتەی لەناو کورددا هەیە ، وایکردووە پەیوەندییەکان لەناو تاکەکانی خێزاندا تۆکمە و بەهێز بێت یان لاساییکردنەوە وەك فاکتەرێك رۆڵی خۆی بگێرێ ، وە بێگومان یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەکردنی پەیوەندی قوڵی مرۆڤ بە تاوانەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەو زەمینانەی کە مرۆڤ لە رێیەوە دەروانێتە پەیوەندییەکان چونکە لە کۆمەڵگەیەکدا کە پەیوەندی مرۆڤەکان لەسەر هێز دامەزرا بێت بێگومان ئەقڵەکانیش بەو رێرەوەدا دەرۆن و رەوشتی تاوانکردن و تۆڵەسەندنەوە لە ژینگەکەیانەوە وەردەگرن وەك بەربەستێك بۆ مانەوە و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی دەوروبەر کە ئەوەش لەناو ژینگە سەرەتاییەکاندا لەسەر هێز بەندە بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی تاوان و بەرگریکردن لە خۆیان بە تایبەتیش بۆ تاوانی کوشتن، بەهەمان شێوە ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ودەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە کۆنترۆڵیان دەکات و پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان .

لەناو فاکتەری ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا دوو گریمانەی گرنگ هەیە سەبارەت بە تاوان ئەوانیش گریمانەی لاساییکردنەوە : کە باس لەوە دەکات هەموو شێوەکانی رەفتاری مرۆڤ لەژێر کاریگەری نموونەدا دروست دەبێت ، رەفتارێکە پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێت بۆ ئەنجامی تاوان ئەو رەفتارەش ئاکامێکی سروشتییە دەرئەنجامی پەیوەندی تاکەکان بەیەکترییەوە لەگەڵ پێکەوە ژیانیان لەیەك ژینگە و یەك کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات . ئەگەر لە ژێر رۆشنایی ئەم بیردۆزەدا تەماشا بکەین دەبینین تاوانی کوشتن بەهەمان شێوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چاولێکەری و سۆزەوە ، چونکە کاتێ کەسێکی زۆرلێکراو دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئەوا لەژێر کاریگەری لاساییکردنەوەدا دەستدرێژی دەکاتەوە و کوشتن ئەنجامدەدات .

گریمانەی دووەمیش لەسەر بنەمای تێکەڵاوبوون لەگەڵ یەکتردا بونیادنراوە کە رەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ پێکەوە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر رەفتاری تاکەکان و پێی وایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆرەکان لە نێوان تاکەکاندا ، وا لە دیاردەی تاوان دەکات شتێکی ئاسایی و گونجاو بێت وەك رەوشتێکی مرۆیی کە تاك فێری دەبێت ، بێ پەنابردن بە راڤەکردنی ئەم رەوشتە بۆ گریمانە بایەلۆجی و دەروونییەکان .بەهەمان شێوەش ئەم تیۆرە تێکەڵاوی وپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکار دادەنێت بۆ دیاردەی تاوان و هەر ئەو هۆکارەش تاوان لای تاکەکان ئاسایی دەکاتەوە .

## ٤- هۆکاری جوگرافی و پلەی کۆمەڵایەتی :

مەبەست لە هۆکاری جوگرافی بریتییە لە کارتێکەری دیاردە سروشتییەکان لەسەر ژیان و بیرکردنەوە وهەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کە ئاو ، هەوا ، بەرزی ، نزمیی پێکهاتەی خاك ، ماوەی شەو ورۆژ ، وەرزەکان ، ئاستی پلەی گەرما و رادەی شێ دەگرێتەوە .

"ۆنتیسکۆ"یەکەمین توێژەرە کە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان تاوان و فاکتەرە جوگرافییەکان دەکات و لەو بارەیەوە یاسایەکی دارشتووە و دەڵێت : " تا لە هێڵی یەکسانیی نزیك ببینەوە رێژەی تاوان زیاد دەبێت و هەتا بەرەو باکور برۆین ریژەی تاوان دادەبەزێت ، بۆیە دەبینین ناوچەکانی باکوور زیاتر بە ئاکارەوە پەیوەستن، بەلاّم دانیشتوانی باشوور سروشتیان توندە وهەست و سۆزیان رەق و ئائارامە کە ئەوەش زیاتر یارمەتیدەرە بۆ"تاوانکردن " هەروەها"دیکستیر" توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بۆ کاریگەری راستەوخۆی میتۆلۆجیا وەك حاڵەتەکانی فشاری هەوا ، پلەی گەرما ، رادەی شێ و رەوتی با ، گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە " رێژەی سەدی تاوانەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ زیادبوونی پلەی گەرمی و رادەی شێ و کەمی پەستانی هەوا زیاد دەکات ، وە هەندێك لە زانایان هەوڵیانداوە ئەم ئەنجامانە بەوە لێکبدەنەوە کە پلەی گەرمی بەرز جەستەی مرۆڤ بێزار و هەراسان دەکات و وایلێدەکات زوو هەڵبێت ، هەربۆیە دانیشتوانی ناوچە گەرمەکان تورە و هەڵچووترن بە بەراوورد لەگەڵ ناوچە سارد و مام ناوەندەکان ، ئەگەرچی دەرکەوتووە دانیشتوانی هەندێ لە ناوچە گەرمەکان لەوپەری سستی و تەمەڵیدان بەجۆرێك کە ئەتوانن بە هیچ هۆکارێك هەست و سۆزیان جۆش بدرێت و بوروژێنرێت .وێرای ئەوەی"ڤێری"لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە

جۆری ئەو تاوانانەی لە مانگەکانی ساڵدا روو دەدەن بە پشتبەستن بە تۆمارە رەسمییەکانی حکومەتی فەرەنسا بۆ گشت ساڵەکانی دەکەوێتە نێوان ١٨٢٥- ١٨٧٨ دا بۆی دەرکەوتووە تاوانی کوشتن و دەستدرێژی بۆ سەر تاکەکان لە مانگی تەمووزدا دەگاتە ئەوپەری سنوور .

ئەگەر تەماشای ناوچەکانی کوردستانی گەورە بکەین جیاوازی لە نیوانیاندا بەدیدەکەین ، لە رۆژهەلاتی کوردستان دوژمنایەتی و عەشیرەت و دابونەریتی کۆن و تۆڵەسەندنەوە زۆرە ، بەلام لە باکوری کوردستان رێژەکەی کەمترە بەهۆی ئەوەی عەشیرەتگەری بەرەو نەمان دەچێت کە هۆکاری سەرەکییە بۆ زۆری تاوانەکان بەلام لە باشووری کوردستاندا تاوانی کوشتن بە رێژەیەکی بەرز دەبینرێت هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆرێت .

سەبارەت پلەی کۆمەلایەتی شارنشین و لادێنشینیش گومانی تێدا نییە کە ئاستی پلەو پایەی کۆمەلایەتی لە رووی جۆر و پێکهاتەی تاوانەوە کاریگەری لەسەر تاوان هەیە ، لە شاردا بەهۆی بوونی چەند چینێکی جیاواز و سەربەخۆوە تا رادەیەك هێزی دابونەریتی کۆمەلایەتی لاوازە دواتریش بلاوبونەوەی زانست و زانیاری پشکی گەورەی هەیە لە نەهێشتن و کەمکردنەوەی پەیوەستبوون بە دابونەریت و بەهاکانەوە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجامی بوونی چەند چینێکی جیاواز لە شاردا ململانێ و کێبرکێ لە نێوانیاندا هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی زۆر کە زۆرجار ئەو ململانێیە بە روودانی رەفتاری تاوانکاری کۆتایی دێت ، چونکە تاوانی کوشتن و تۆڵەکردنەوە بە بیروباوەرێکی لادێی هەژمار دەکرێت و پاراستنی شەرەف و بەرزراگرتنی تیرە و گروپەکان کە دەستیان پێوە

گرتووە وباوەڕیان پێیەتی لە نێوان ئەو تیرانەدا بووە بە مەسەلەیەكی زیندوو كە پێیان وایە حكومەت ناتوانێ پارێزگاری لە ئاشتی و ئارامی خەڵكی بكات ، بۆیە لادێنشینەكان باوەڕیان وایە كە دەبێت كەسەكە بكوژنەوە هەرچەندە كاتیشی بەسەرچوو بێت لەبەر ئەوەی بەقسەی ئەوان كاریگەری خوێن هەرگیز بە ئاو پاك نابێتەوە ، سەرەرای ئەوەی باوەڕیان وایە خەڵكی بكوژ لە دڵی ئەندامانی كوژراوەكەدا رۆحیی تۆڵەكردنەوە دەچێنێ ، لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بڵێین كوشتن لای كۆچەری و لادێكاندا شتێكی نەخوازراوە ، چونكە لە پاشەرۆژ دەترسن بە تایبەتی لەوانەیە لە ناوچەیەكی بچوكدا شەری تیرەگەری لە نێوان دوو تیرەدا بخولقێنێ .

وە لە زۆر شوێندا بكوژ وكەسوكارەكەیشی لە ترسی كوشتنەوەیان لەو شوێنە هەڵدێن ،چونكە كەسوكاری كوژراوەكە هەر كەسێكیان لە كەسوكاری بكوژەكە دەست بكەوێت دەیكوژنەوە .

رۆژهەڵاتناسێك باس لە بوونی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی دەكات لە نێوان هەندێ لە تیرە كوردە موسوڵمان و مەسیحییەكان بە تایبەتی لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیاندا بووە .چونكە پیاو لە لادێدا خۆی بە نوێنەری خێڵەكەی دەدانێت و جگە لە خێڵەكەی دانانێت بەهیچ كەسانێكی تردا بەوەی ماف دانانی سزای هەبێت لەسەر خۆی یان هەر تاكێكی تر لە خێڵەكەی ، ئەم جۆرە كەسانەش دوورن لە كەسایەتی حكومیی ویاسایی ، حكومەت و یاساش بەدوور لەخۆی دەزانێت ، وە فراوانترین شت لەناو بەها خێڵەكیەكاندا ئەوەیە كەوا منداڵ بەشێوەیەك پەروەردە دەكەن لە كاتی هێرشكردنە سەریان ، بە هەمان شێوە بەرپەرچ بداتەوە یان زیاتر لە ماف خۆی نەگینا بە ترسنۆك ناودەبرێن ، ئەمەش لە نموونەی پەروەردەی ناو

خێڵە لادێییەکاندایە کە پێی وایە هێرشکردن لە سەر یەکێک لە ئەندامانی خێڵ بە مانای هێرش کردن دێت بۆ سەر گشت ئەندامانی .کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لەناو هەموو کۆمەڵگەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی دیاردەی تاوانی کوشتن لە لادێکاندا زۆرترە بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەری تیرە و تایەفەگەری خێڵەکی و کەمی هۆشیاری رۆشنبیری ، هەروەها گواستنەوەی ئەم دیاردەیەش بۆ شارەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی ناوخۆیی لە لادێوە بۆ شار وگەیشتنی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ شارەکان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەکەی ناگاتە شارۆچکە و لادێکان کە زۆر کات ئامادەی لێبوردن نین بەرامبەر ئەوانەی هەڵەیان بەرامبەر کردوون .

## تاوانی شەرەف بۆ ؟

توندوتیژی دژ بە ژنان وەك دیاردەیەکی جیهانیی فرە جۆرە و هۆکاری جیاوازی لەخۆ گرتووە، بەپێی سەردەم ، قۆناغ و گشت کۆمەڵگەکانی جیهان بە ڕادە و شێوازی جۆر بەجۆر کاریپێکراوە ، مەبەست لێیَ هەر کارێکی جەستەیی یان دەروونییە بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ئامانجی ملکەچکردن ، جڵەوکردن ، سوکایەتیپێکردن دێت کە دەرهەق بە ژنان دەکرێت . بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەریەك لە شێوەکانی توندوتیژیش جگە لەوەی میکانیزم و ئالیەتی تایبەت هەن ، ڕێگەی جۆربەجۆر و دیاریکراویش هەیە .

تاوانی شەرەفپارێزی یان تاوانی شەرەف کە لە کۆمەڵگەدا بە یەکێك لە شێوازەکانی توندوتیژی دادەنرێت، ئەو تاوانەیە پیاو ئەنجامیدەدات ،

ئەویش بە کوشتنی ژنی نێو یەکێك لە خێزانەکەی، لەبەر بوونی پەیوەندی سێکسی لە نێوان ژنەکەو پیاوێکی دیکەدا، کە بەپێی بەها باوە کۆمەلایەتییەکان حەرام و ناشەرعییە ، یان ئەنجامی گومانکردن بە بوونی پەیوەندییەکی لەو جۆرە . هەندێك جارکوشتنەکە شەریکە گوناهی ژنەکەش دەکوژێت .بێگومان بازنەی ئەو تاوانەیش لە کۆمەلگە عەشایەری و خێلەکیەکاندا لە فراوانبوندایە و رادەی کوشتنی ژنان کە رادەی خزمایەتی و نزیکی لە بکوژەکەوە بە پلە دوو و سێ دێت .

دیاردەی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف ئەوەکو شەرەف ، بە یەکێك لە تاوانە ترسناکەکان دادەنرێت کە هەرەشە لە مافی مرۆڤ ، لەوانە مافی ژن دەکەن ، ئەم دیاردەیەش لە کۆمەلگە ئیسلامیی و رۆژهەلاتییەکانەوە پەلدەهاوێژێت بۆ نێو کۆمەلگە رۆژئاواییەکان ، ئەوەش لەرێی پەنابەری رۆژهەلاتییەکانەوە بۆ هەریەك لەو وولاتانە ، بۆ نموونە ژمارەی تاوانەکانی کوشتن لە بەریتانیادا لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ١٢ تاوان بە هەمان شێوە لە هۆلەندا ، ئەلمانیا و سوید هەروەها لە وولاتانی دیکە ، هەروەك لەوەی لەلاپەرەی هەواڵی (ئیمرۆی سویدی )رۆژی ٢٢ ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢دا ئاماژەی بۆ کراوە ، ئەوەش لە رێی خستنەرووی ئامارەکانی لەوبارەیەوە ، کەبەم شێوەیە هاتووە:

- ساڵانە نزیکەی ٢٥-٤٠ تاوانی کوشتن بە بیانووی شەرەف لە ئوردوندا روو دەدات .
- ساڵانە نزیکەی ٤٠ تاوانی کوشتنی ژنان لە یەمەن روو دەدات .
- ساڵانە نزیکەی ٣٠٠-٥٠٠ تاوانی کوشتن لە پاکستان دووچاری ژنان دەبێتەوە

- ساڵانە نزیکەی ٦٠ تاوانی کوشتن ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە لە ئێران .
- ساڵانە نزیکەی ٥٠ تاوانی کوشتن لە میسر ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە بە پاڵنەری شەرەفپارێزی .

هەموو ئەوئامارانە ،کە لەو ساڵانە و ساڵانی دواتردا ڕوویان لە زیادبوون کردووە ، ئاماژەیە بۆ ترسناکیی ئەو کێشەیە نەک تەنها لە وڵاتە ڕۆژهەلاتییەکان ، بەڵکو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیشدا .

بۆیە دەتوانرێت بوترێت تاوانەکانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف دوو لایەنی لەخۆ گرتووە :

لایەنی یەکەم : کۆمەڵایەتییە و سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە ، جگە لە چەمکە حەرامکراوە سیکسییەکان لەو کۆمەڵگەیانەی ئەو تاوانەیان تیادا روو دەدات یان ئەو کەسانەی ئەنجامیدەدەن . لایەنی دووەم : یاساییە و پەیوەندی بە سیاسەتی سزادانەوە هەیە .

لایەنی کۆمەلایەتی ئەم دیاردەیە ، شەرفپاریزییە و پەیوەندی بە سروشتی پەیوەندییە سێکسییەکانەوە هەیە لەو کۆمەڵگەیانەی ئەم تاوانە تیایاندا روو دەدات ،هەروەها باڵادەستی دەسەلاتی نێرسالاریی لە پەیوەندییە سیکسییەکان و دیاریکردنی حەرامکراوەکاندا (تابۆکان) .

میراتیی میللی و میزاجی گشتی لەو کۆمەڵگەیانەدا پابەندە بە بەڕەوایەتیدان بەو جۆرە تاوانە ، پشتئەستوور بە میراتی ئایینی و لێکدانەوەی ئایەتە ئاینییە پیرۆزەکان ، بە پێی ئەقڵیەتی نێرسالاریی باو .

بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی مەسەلەکە ، پێویستە لە سروشتی پەیوەندییە سێکسییەکانی نێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان تێبگەین ، چونکە ئەو پەیوەندییانە گرێدراوی کارپێکردنی ( پراکتیکی ) بە

کردەوەیە ، مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پیادەی دەکات و ئاسەوارەکانیشی کاریگەریان دەبێت لەسەر زیاتر لە لایەنێك ، بەو پێیەی بەهۆیەوە پێتاندن دێتە ئاراوە ، وەچەکان دیاریدەکرێن ، ئەمانەش دەبنە هۆی خستنەوەی کۆمەڵێك ماف و ئەرك و دەرئەنجام هەردوو لایەنەکە و کۆمەڵگە بەگشتی دەگرێتەوە ، لەسەر بنچینەی بەروبوومی ئەو جۆرە پەیوەندییەش ڕێرەوی سامان و موڵك لە کۆمەڵگەدا ڕێکدەخرێت.

بۆیە پێویستە لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەدا پەیوەندییەکان ڕێکبخرێن ، هەتا لە ڕێگەیانەوە ڕەوایەتی بە هەندێ لەو شێوازانە بدرێت و هەندێکی دیکەشیان بە یاسا بکرێن ، دیاریکردنی ئەو مەسەلەیە لە لایەکی دیکەوە گرێدراوی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە سەرەتایی و بنچینەییانەی کۆمەڵگەیە ، لە ڕێی دامەزراوەی خێزان و جێگیرکردنی ئەو بەهایانەوەیە کە سەرچاوە لە عورفەوە وەردەگرن ، ئینجا گەشەپێدانی ئەو بەهایانە تا ئاستی دۆزینەوەی ئەگۆری ووردبینانە کە میکانیزمی سێکسی نێوان دوو لایەنەکە دیاریدەکات .بەڵام ئەو لایەنە کە پێی دەوترێت لایەنی مرۆیی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە ، چونکە چەند شێوازێکی پەیوەندیی سێکسی هەن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بە گشتی کە لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو یەکێك لە کۆمەڵگەکاندا ڕەواو و قبلگراو بووە . کەچی دەبینین ئەو شێوازانە لە هەلومەرجێکی مێژوویی تردا قبولکراو نەبووە .بەو جۆرە پەیوەندییە سێکسیانە، جا ڕەوا بن یان حەرامکراو گرێدراوی عورفە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە کۆنەکان بوون . سەرەرای ئەوە مەسەلەی سێکس بە گشتی و حەرامکراوە سێکسیەکان لە ڕووی مێژووییەوە گرێدراوی ئایین بوون ، بۆیە لە کتێبە ئاینییە پەرۆزەکاندا

، ئامـاژەی ئاشـکراو و زۆر هـەن بـۆ سـێکس ، جا ئـەوە لـە ڕووی واتـا و سومبولەکانەوە بێت یان لە ڕووی دیاریکردنی ڕەوایـەتی وحەرامکردنـەوە بێت .

بـیرورا گـشتییەکان دەربـارەی ئەنجامـدەرانی تـاوانی کوشـتنی ژنـان بـە بیانووی شەرەف دوو جۆرە :

هەندێکیان پێیانوایە ئەو تاوانە کارێکی گـرنگ و پێویـستە، چونکە سـنور بۆ پەیوەندییە سێکسییە ناشەرعییەکان دادەنێت ، لایـەنی دووەمـیش : دوو ئاڕاسـتەی لـەخۆ گرتـووە یەکـەمیان : تاوانبـار یـان ئەنجامـدەری ئـەم تاوانــە دەگرێتــەوە و پێویــستە وەك هــەر تاوانبــار یــان بکـوژێکی دیکـە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت وبە سزای یاسایی خۆی بگات، نـەك بـە پێـی یاسای شەرەفپاریزی کـە لێپرسـینەوە لـە بکوژەکە ناکات وسزاکـەیشی زۆر سووکە.خاوەنـەکانی ئـەم تێروانینـەش بـاوەڕی تـەواویان بـە ئـازادیی ژنـان هەیـە بانگەشـە بـۆ دوورکەوتنــەوە لـەو شـێوەی کاررایيـە ( ئیجرائاتـە ) کۆمەلایەتیی و ئایینیە دەکەن . دووەمیـان : پێـی وایـە پێویـستە یاسـاکان تونـدتر بێـت لـەوەی لـە دەقـە یاساییەکانی ئێستادا هـەن ، هـەروەها لـەو بڕوایەدان کـە زیـادکردنی سـزا بـەر لـە ئەنجامـدانی تاوانەکـە بەربەسـتێك لەبـەردەم تاوانبارانـدا دروستدەکات وسڵکردنەوەیەشـیان لا دروسـت دەکـات یان وایان لێدەکات بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە هەڵوەستە بکەن و زیاتر لە ڕاستی مەسەلەکە بکۆڵنەوە .

لەو ڕوانگەیەوە زۆرێك لەژنانی قوربانیانی ئەو تاوانانە کە بێتـاوان بـوون و پاش پشکنینی پزیشکی دەرکەوتووە پـەردەی کچێنیان لەدەست نـەداوە ، بـە واتایـەکی دیکـە هـیچ پەیوەندیيـەکی سێکسی ناشـەرعیی ڕووی نـەداوە

ئەگەرچی زۆرینەی تاوانەکانیش لە ڕێی گومانکردنەوە ڕوویانداوە و تەنها ڕێگەیەکیش کە پیاوەکە یان باوك و براکەیاخود هەر نێرینەیەکی تری خێزانەکە گرتبێتیانە بەر کوشتنی ژنەکە بووە ، کەچی کەسی دووەم کە نێرینەکەیە ، دەرباز دەبێت و کەسیش لێپرسینەوەی لە ئاستدا ناکات .

ڕاستە تاوانەکانی لەم جۆرە لە کۆمەڵگەکەماندا بەربلاون و کەسانێکیش پشتیوانی ولایەنگیریان دەکەن یان هاوران لە گەڵیدا ، بەلام ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە زۆربەی ئەو تاوانانە دەرئەنجامی گومانپێکردنە ، یان لەسەر بناغەی پروپاگەندە بنیادنراوە ،کە لە کۆمەڵگەکەماندا ، چونکە پروپاگەندە ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێ و بەشێوەیەکی هەمەرەنگ وخێراش ئەوهەواڵانە راڤە دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە ، ئەو نێرینانەش کە گوێبیستی ئەو پروپاگەندانە دەبن گرێیدەدەنەوە بەشەرەفی خۆیان و خێزان و خێڵەکەیانەوە بێ بیرکردنەوە ، دڵنیابوون ، لێکۆڵینەوە وهەڵوەستەکردن هەوڵی پاکردنەوەی ئەو عەیب ونەنگیە دەدەن ، چونکە هەست بە لەکەداربوون دەکەن ئەوەش بە کوشتنی ژنان بۆ بێدەنگکردنی پروپاگەندەکان .

زوربەی ئەو تاوانانەی بەرهەمی ناوزراندنی مرۆڤێکن لە ڕووی کۆمەڵایەتی ، ئاینیی ودەروونییەوە ، گرێدراوی دابونەریتەکانی مرۆڤی ڕۆژهەلاتیین ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت حکومەت بێدەنگ و دەستەوەستان بێت لە ئاست دۆزینەوەی چارەسەرکردندا، ئەوەش لەرێی دەرکردنی یاسا و ڕێسای گونجاو و پێویستەوە دەبێت ، وێرای بەدواداچوونی ئەو تاوانانە کە زۆر جار دەبیستین ڕودانیان پەیوەستە بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پێگەیشتنەکانەوە ( کۆمۆنیکایشن ) وەك مۆبایل کە کەسانێکی لاواز و

نیازخراپی هەرزەکار کە ڕەگوریشەی پیاوسالاریی لە ناخ و ئەقڵیەتیاندا زاڵە ، وایان لێدەکات ببنە بکەری دەیان و سەدان تاوانی لەوجۆرە . ئەمە سەرەڕای پشتگیری کۆمەڵگە لەو پیاوەتی ونێرسالارییەی کە جیاکارییەکی زۆری خستۆتە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەوە و هەمیشە پاساوی جۆربەجۆر دەهێنێتەوە بۆ ئەو جیاکارییە وخراپ بەکارهێنانەی تەکنەلۆژیا لەلایەن ئەو گەنجانەوە کە سەرئەنجام دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی جەستەی مرۆڤێکی بێتاوان ، لەژێر داوی ئەو شێوازە ناڕەوا و نامرۆڤانەیەدا، بە گشتی ئەو ڕێژە زۆرەی کوشتنی ڕۆژانەی ژنان بە بیانووی شەرەف کە لە کۆمەڵگە رۆژهەلاتیەکاندا گوێبیستی دەبین ، ئاماژەیە بۆ بێدەنگبوونی حکومەتەکان بەرامبەر بەو جۆرە تاوانانە .

لە لایەکی دیکەوە ، زۆرێك لەو تاوانانەی بەرامبەر ژنان دەکرێن ، بە تایبەتی ئەوانەی دووچاری سووتان ، خنکان ....هتد دەبن زوربەی کات بە قەزاو قەدەر ناودەبرێت ، تاوانبارێکی لەپشتەوەیە ، چ لە ڕووی ئەوەوە کە دەبنە هاندەر بۆ خۆسووتاندنی ژنان ، ئەنجامی فشاری جۆربەجۆر کە دەیانگەیەنێتە سووتاندن ، یان بە مەبەستە (ئەنقەست) بۆ ئەوەی تاوانباری ڕاستەقینە لەو بەرپرسیاریتییە ڕزگاری بێت و بچێتە ڕیزی ئەو تاوانانەی بە قەزا و قەدەر دەستی بۆ درێژ بکرێت و بە هۆیەوە دۆسیەکەی دابخرێت.

بێگومان نموونەی ئەم جۆرە تاوانانە ئاسانکاری بۆ پیاوانی دیکەش دەکات ، هەمان ڕێگە و شێواز بگرنەبەر بۆ قوتاربوون لە لێپرسینەوە و سزا ، بۆیە لێرەوە ئەرکێکی تری حکومەت دەستپێدەکات ، ئەویش کارکردنی جدیی و وردەکارانەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو هۆکارانەی دەبنە

مایەی سووتاندنی ئەو ژنانە کە ڕیژەیەکی زۆر و بەرچاویان پێکهێناوە لە کۆمەڵگەدا ، جگە لە جێبەجێکردنی کارڕایی (ئیجرائات) جدیی و کاریگەر بۆ هێنانەئارای پرۆژەی جۆربەجۆر لە پێناو چارەسەرکردنی هەریەك لەو هۆکارنەدا . بە واتایەکی دیکە ، دەتوانین بلێین کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف نەریتێکی خێڵەکیی وعەشاییریی کۆنە، کە لە مێژە وەرگیراوە و بەردەوامیی و درێژەی هەیە . تەنانەت وەك ئامرازێکی پەروەردەیی مومارسەی دەکەن، بە ئامانجی پاراستنی شەرەف وناوبانگی عەشیرەت یان خێزان وپێگەی خانەوادە لە کۆمەڵگەدا . مەبەست لە لەکەدارکردنی شەرەف ، ئەوەیە ژنێك یان کچێك پەیوەندیی ببەستێت لە گەڵ پیاوێك لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری ، لە کاتێکدا دەشێت هەمان ئەوپیاوە پەیوەندی لەگەڵ ژنانی دیکەدا هەبێت و شەرەفیشی لەکەدار نەبێت ، تەنانەت هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ نەکرێت و سزاش نەدرێت ئەوەش لەبەر ئەوەی شەرەف لە روانگەی ئەو لێکدانەوەیەوە تەنها بەسەر ژناندا جێبەجێدەبێت و کوشتنیش تەنها حوکمێکە وبەسەر ئەودا دەسەپێنرێت . بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ، ئەوچەمکانە لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا کاری پێناکرێت، بەڵام تا ئیستا لە لادێ و ناوچە دوورنشینەکاندا باوە . لێرەوە بە ئاشکرا ئەوجیاکارییە لە کۆمەڵگەدا بەدەردەکەوێت کە لە بەرژەوەندی پیاواندایە ،چونکە لە کاتێکدا کوشتن سزای یەکێك لەو دوو لایەنەیە کە ژنەکەیە ، لایەنەکەی دی ، تەواو چاوپۆشی لێدەگرێت ، ئەمە لە کاتێکدا ژن وپیاوەکە وەگویەك وبەویستی خۆیان دەچنە ناو ئەو پەیوەندییەوە !

ئەمانەش لەو ڕوانگەیەوە دێن، کە ووتراوە "لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا شەرەفی کچ هاوشێوەی دەنکە شقارتەیەکە تەنها بۆ یەکجار دادەگیرسێ، بەڵام شەرەفی کوڕ لە چەرخی ئۆتۆماتیکی دەچێت دەشێت داگیرسانی بێ کۆتایی بێت". ئەمە تێڕوانینی سەرجەم ئەو کۆمەڵگانەیە کە پیاوسالاری تیایاندا زاڵە، دابونەریتەکان سەپێنراون، دەسەڵاتی یاسادانان لاوازە و لە بەرامبەریدا حوکمی خێڵ، ئایین، عەشیرەت، هۆز و دەستێوەردانی دەسەڵاتداران و لایەنە جۆربەجۆرەکان بالآدەستترن لە خواستی تاکەکەس. هەریەك لەوانە هۆکارن بۆ ئەنجامدانی کوشتنی دەیان کچ بەدەستی باوکەکانیان، پارچە پارچە کردنی سەدان خوشك لە لایەن براکانیانەوە، خنکاندن و سوتاندنی هەزارەها ژنەهاوسەر بەدەست مێردەکانیانەوە، شێواندن و بێسەروشوێنکردن و کوشتنی ڕێژەیەکی بێسنووری ژنان لە لایەن خزم و کەسوکارو پیاوانی خێڵ و عەشیرەتەکانەوە. کە زۆرجار تەنها ئەنجامی گومانکردنە بە هەڵسوکەوتیان یان بەری قسەوباس و پروپاگەندەیە یان .... هتد. ئەوەش لەژێر ناوی تاوانەکانی شەرەف یان کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەفەوە ئەنجامدەدرێت کە بەردەوام شەرەف لە نێوەندی ئەم کۆمەڵگەیانەدا شەرەفی پیاوە و هەمیشە بە پلەی یەکەم ژنان قوربانین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە شەرەف مانایەکی سنوردار وڕوونی هەیە و لە پەردەی کچێنی و سێکسدا کورتکراوەتەوە. بۆیە لەدەستدانی ئەو پەردەیە وئەنجامدانی هەر کارێکی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان، مانای لەکەدارکردن وناوزڕاندنی شەرەفی پیاو، خێڵ، هۆز و نێرینەکانیان دێت. بەو شێوەیەش، ژنان بە داوێنپیسی ناوزەند دەکرێن، چونکە پەردەی کچێنیان لەدەستداوە، بەرامبەر بەوەش گەر پیاوێك

مومارەسەی سێکسی لەگەڵ سێ لەسەر چواری ژنانی سەر گۆی زەوی کردبێت، هیچ کات بە داوێنپیسی ناونانرێت .

بۆیە لەمجۆرە کۆمەڵگەیانەدا ، کە کۆمەڵگەی کوردەواریش بەشێکە لەوان، ژنان رووبەرووی کۆمەڵێك چەوساندنەوە و توندوتیژی جۆربەجۆری جەستەیی ، دەروونیی و سێکسیی دەبنەوە ، لەوانەش نارەواترین و نامرۆڤایەتیترینیان ، نەك تەنها لەناوبردن و کوشتنی ژنانە بەڵکو شێواندن و ئەتککردنی جەستەیانە ، پاش کوشتنیان ، لەکاتێکدا ماوەی ۱۷ ساڵە بانگەشەی ئازادیی ، دیموکراسیی ، مافی مرۆڤ و جیهانگیری دەکرێت ، بەڵام لەو نێوەندەدا مافەکانی ژنان بوونەتە دروشم و ووشەی سەرزاری زۆرینەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی وکەسایەتی و لایەنە جۆربەجۆرەکان لەسەرجەم بوارەکاندا ، ئەمە وێڕای ئەوەی خودی ژنان ڕۆڵێکی زیندوو و کاریگەریان هەیە لە ژیاندا، لەرێی هاتنە دەرەوەیان لەچوارچێوەی ماڵ و کارکردن و گوزارشتکردن و سەلماندنی بوونی خۆیان ، بەرامبەر بە هەموو ئەوانەش دووفاقییەك بەدیدەکرێت لە واقعی سیاسی ، کۆمەڵایەتیدا ، کە لە زۆر کات و شوێندا تێروانینێکی جیاکارخواز دەبینرێت ، وەك ئەوەی ژنان ئامێر و ئامرازێك بن بۆ تێرکردنی سێکس یان وەچەخستنەوە و هەریەك لە بەربەستە شەرعییەکان یان تەشریعات و ماددە یاساییەکان لە لایەك و دووفاقیی کۆمەڵگە لە رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە . لە لایەکی دیکەوە بە شێوەیەکی گشتی رۆشنبیرییەکە پەیوەستە بە سستمی باوکسالاریی و دابونەریت و کولتورێکەوە کە لە سایەی سستمێکی ئاڵۆزی دابونەریتەکانەوە دێتە ئاراوە ودەگەرێتەوە بۆ نەریتێکی کۆنی دوورەگ . هەریەك لەوانە بەشێوەیەك لە شێوەکان هۆکارن بۆ پلەدوویی ژنان و کوشتنیان کە گشت ئەو

ڕۆشنبیرییە بۆماوەییانە تێکەڵ بە زۆریك لە بیروباوەڕەکانی ئاسمان بووە و ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژهەڵاتی بەرهەمهێناوە، کە هەموو ئەو جوڵانە بە عەیبە و شەرم دەزانێت بۆ مێیینەکان و دەرچوون یان لادان لەو چوارچێوەیەی سنووری بۆ دیاریکراوە یاخود لەگەدارکردن و بەزاندنی ئەو سنوورە ، مانای لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو ، خێڵ ، عەشیرەت دەگەیەنێت . ئەمە وێڕای ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان کە زۆربەی جار لەومەسەلەیەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێی کارکردن لەسەر گۆڕان یان کۆپیکردنەوەی چەمکە هەڵە کۆمەلایەتییەکان ڕۆڵێکی مەترسیدار دەگێڕن، مەسەلەکەش دەبێتە جێی سەرسوڕمان ونیگەرانیی و گاڵتەجاڕی ، کاتێك دەبینرێت هەریەك لەو چەوساندنەوانە تەنها دەبێتە مانشێتی ڕۆژانە بۆ ووروژاندن و بازاڕگەرمکردن ، لە بری ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕادەی مەترسییەکانی ئەو تاوانانە وپێویستی دەرخستنی ڕاستییەکان و دەستگیرکردنی تاوانباران . ئەمە جگە لەوەی ، هەندێك جار لە ڕێی داڕشتنەوەی زۆریك لە هەواڵەکانەوە، توانج و تانە دەدرێت لەو جۆرە تاوانانە ، وەك هەواڵی روداوێك هاندەر بێت بۆ ئەنجامدانی هەندێ ئاماژە و دەستەواژەی وەك " کوشتن لە پێناوی شەرەف سڕینەوەی عەیبەی سەرشانە "، یان "بەهۆی گومانکردن لە ڕەوشت کچەکەی دەرمانخواردی کردووە بۆ ئەوەی لە عەیبە و حەیاچوون ڕزگاری بێت ".

لە لایەکی دیکە هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی کوشتن گومانکردنە ، بەشێوەیەك ڕێژەیەکی زۆری تاوانەکان پێکدەهێنێت ، بەوەش دەبنە قوربانیی ئەو کوشتارە ، تەنها لەبەر گومانلێکردنیان دەکوژرێن . ئەمە وێڕای ئەوەی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف

پەیوەست نییە تەنها بە ناوچەیەك ، ئاینێك ، مەزهەبێك و گروپێکی دیاریکراوەوە ، بەڵکو تاوانەکانی کوشتنی ژنان بەردەوامە ، بەتایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، بەو واتایەی گرێدراوی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە کە بەهەندێ لە مادە یاساییەکان ڕەوایەتی پێدراوە ، کاتێك کە ڕێگە بە بکوژ دەدرێت بێ هیچ سزادانێك دەربازی بێت یان بە سزایەکی زۆر کەم قوتاری بێت کە جێی گاڵتەپێکردنە . هەموو ئەوهۆکارانە لە سایەی بێدەنگیی یان پەردەپۆشکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی ، ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی ڕەسمییەوە دێت بەسەر ئەو تاوانانەدا. وەك ئەوەی یەکێك بێت لە نهێنییەکانی دەوڵەت ، جگە لەوەی بێدەنگبوونی پیاوانی ئاینیش لەم مەسەلەیەدا هاندەرە بۆ بەردەوامییدان بەو تاوانانە.

یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی کوشتنی ژنان، کۆمەڵگە خێلەکییەکانە کە بایەخ نادەن بە گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا، بەڵکو تەنها کار لەسەر دەرئەنجامەکان دەکەن ئەوەش خۆی لەخۆیدا مەودای کێشەکان فراوانتر دەکات ،چونکە واقعی کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی موحافزکار وداخراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە دابونەریتەکانەوە . لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد هەنگاوی زۆریان ناوە لەبوارەکانی کارکردنی ئابوریی ، سیاسی و کۆمەڵایەتییدا، بەڵام ڕێژەیەکی زۆریان تا ئیمرۆ بەندکراوی دەستی کۆمەڵگەی نێرسالارین . هەر ئەوەش وایکردووە یاسای خێڵەکیی لای کورد ڕەواجی زیاتر بێت ، بە بەراوورد لە دەسەڵاتی یاسا. بەمەش کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات و هەر ئەوەش وا دەکات زۆرێك لە ژنان ناچاربن هەست ونەست وکێشەکانیان خەفە بکەن ولە ترسیی سزادان بێدەنگبوون بە باشتر بزانن ، هەتا

رووبەروبونـەوەی سووکایەتیپێکردن ، ئـەوەش لـە پێنـاو ئابروونـەچوندا . ئەمەش وا دەکات قەبارەی کێشەکانیان ئاڵۆز و فراوانتر بێت . لـە کاتێکـدا هەنـدێکی دیکـەیان پەنادەبەنـە بەر هـەڵهاتن لـەو واقیعـە قورسـەی تیایـدا دەژیـن ، ئـەویش بـە دۆزینـەوەی ئـەو کەسـانەی هاوبەشـی هەسـتەکانیان دەکەن، دوور لـە چاوی خێزانـەکانیان ، هـەروەها تێگەیـشتنی هەڵـە لـە چەمکە باوە ڕۆژ ئاواییەکان لە کۆمەڵگەکەماندا کە جیهانگیری هێناونیەتـە ئـــاراوە ، وەك ئـــازادیی ڕادەربـــڕین ، مامەڵـــەکردن و گوزارشـــتکردن ، کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر زیادکردنی ڕێژەی ئەم جۆرە تاوانانـە ، بەجۆرێك ئاماری کیشەکانی ژنانی زۆر بەرزترکردۆتەوە ، هـەتا ئاستیك کە دەربازبوون لێیان زەحمەت بێت .

لـە لێکۆڵینەوەیـەکی مەیدانیـدا ، کـە لـە میـسر دەربـارەی ئـەوەی مانـای شـەرەف لای ژنـان چـی دەگەیـەنێ ئەنجامـدرا: لـە٩٩٪ ی بەشـداربوانی توێژینەوەکە پێیان وابووە شەرەف بە مانای پەردەی کچێنی پـارێزراو دێـت و تـەنها لـە ٨٪ پێیـان وابـووە شـەرەفی ژن خـۆی لـە بیروبـاوەڕ و بـەها و ئەخلاقییەتـە بـەرزە مرۆییەکانـدا دەبینێتـەوە ، کـە بێگومـان کۆمەڵگـەی ئێمەش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی تێڕوانینـەکانی سـەبارەت بـەو مەسەلەیە هاوشێوەیە . لەو ڕوانگەیەوە ، مانای شەرەف بە پێی ڕەگـەزەکان دەگۆڕێـت ، بۆیـە ڕێگـە و شـێوازەکانی تۆڵەسـەندنەوە و پارێزگـاریکردن و تەنانەت سزادانیش بە پێی توخمەکان لە گۆڕانـدا دەبێـت ، بـەو شـێوەیەش دەبێت کۆمەڵگە هاوشێوەی دابونەریت و یاساکانی لـە گـەڵ ئـەو چـەمکەدا لێبوردەیی هەبێت .

## لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

•ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا- و/ سۆزان جەمال
•ئەنفالی سێو کاریگەریەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال
توێژینەوەی/ هێمن باقر عەبدول       بەرهەم عومەر عەبدوڵلا
•روخساری ژن لەئوستراليا
•روخساری ژن لەتالەند
•روخساری ژن لەژاپۆن
و/ شەیدا سەلاح
•حەرەم لەکۆشکەکانی عوسمانیدا- و/ لەیلا عەلی
•گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە- و/ لەیلا عەلی
•عەشق وخۆشەویستی لەنێوان وەهم و واقیعدا- نووسینی: سەروەر کەریم
•ژن لەبازنەیەکی داخراودا- نووسینی: کنێر عەبدوڵلا
•جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمە دەکرێت- و/ شۆرش محەمەد حسێن
•پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا- نووسینی: کنێر عەبدوڵلا
•بێ یاریی هیچ کەشەکردنێك نیە- و/ سەمەدی مەلا ئەحمەد
• فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون و شیعردا- نووسینی: شیرین تاهیر
•تایبەتیانی- نووسینی: لەیلا سیمایی
• کارابوونی ژنان لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا- و/ کامیل قەرەداخی
•کاریگەریی ژینگەکانی کارکردن لەسەر کچانی ئیشکەر- کاروان نوورەیی
•گوانەهە سپیەکانی باران- ئاورین فەرەیدون
ئازارەکانی من- پرۆژەی بەشی تەندروستی یەکێتی ژنانی کوردستان
بیرەوەریەکانی ژنانی شاخ
ژن و سۆسیالیزم – وەرگێڕانی: ماردین جەلال
•قاقر_ وەرگێڕانی: عەلی بیروەندیی
• زیندەسوتێنراو- وەرگێڕانی: نوری کەریم
ئایدز- ئامادەکردنی: د.عبدالفتاح حمە رحیم هەورامی
گوڵێك لەبیابانی ئەفریقا- وەرگێڕانی: نوری کەریم

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کردەیی(عملی) ئەو باسانە بسەلێنین ، گوزەرێکم بە نێو لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا کردووە ، هەتا وەك نمونەیەکی هەرەمەکی لێکۆڵینەوەکەم بێتە بناغەیەکی تاوتویکردنی کیشەکە بۆ دروستکردنی تێروانینیێك دەربارەی ئەم تاوانانە ، لەوەش گرنگتر ، رونکردنەوە وڕاوبۆچونەکان و هەستی کەسوکاری قوربانیانە . بەرامبەر بەوەش هەستی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەیە کە زۆرجار هەست بە شکۆداریی و سەربەرزی و پیاوەتی دەکەن و کەمجاریش هەست بە پەشیمانی دەکەن . ئەمەش ناونیشان و مانشێتی هەندێ لەو ڕۆژنامە ژنانیی و ئەهلییانەی ساڵی( ٢٠٠٧ ) ە کە نموونەی لێکۆڵینەوەکەمیان پێکهێناوە ، باس لە چیرۆکی خوێنی ئەو مرۆڤانە دەکات کە لە پاڵ شەرەفدا ڕژاون، لەوانە :

١. ڕۆژنامەی ژیانەوە:

هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی تایبەتە ، هەفتانە یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات .

٢. ڕۆژنامەی ڕێوان:

هەفتەنامەیەکی ڕووناکبیری سەربەخۆیە ، سەنتەری ڕاگەیاندن و رووناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێك دەریدەکات .

٣. ڕۆژنامەی هاوڵاتی:

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی ئەهلییە چاپخانەی ڕەنج دەریدەکات ،، هەفتانە دوو ژمارەی لێدەردەچێت .

٤. ڕۆژنامەی ئاوێنە:

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە ، هەفتانە کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات .

مانشێتی ڕۆژنامەکان:

١- تەرمی ژنێك دۆزرایەوە. "ژیانەوە ٢٠٠٧\٤\٨" .

٢- کوشتنی کچێك. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٤\٨"

٣- یاسای لێبوردنی گشتی بکوژانی ژنان ناگرێتەوە. "ژیانەوە ٢٠٠٧\٥\١٣ "

.

٤- کچێك هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٥\٢٧ " .

٥- ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵ لە کەنار ئاوی دەربەندی ڕانیە لە لایەن پۆلیسەوە بە مردوویی دەدۆزرێتەوە. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٦\١٠".

٦- لە ماوەی ساڵ ونیوێکدا ٤٥ بکوژی ژنان دەستگیرکراون تەنها دوو حاڵەت هەبووە کە دەستگیر نەکراون. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٧\١٥" .

٧- پیاوێك لە گەڕەکی زێرینۆك لە شاری سلێمانی ژنەکەی بە چەقۆ دەکوژێ و خۆیشی بریندار دەکات. "ژیانەوە ٢٠٠٧\٧\١٥ "

٨- تەرمی کچێك دەدۆزرێتەوە. "ژیانەوە ٢٠٠٧\٧\٨" .

٩- ژنێك دەکوژرێت. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٧\٨" .

١٠ - وەزیری داد/ ڕێژەی کوشتنی ژنان زیادەڕۆیی تیادەکرێت. " ژیانەوە ٢٠٠٧ \٧\١"

١١- نزیك کۆمەڵەی فەرمانگەکانی ڕانیە ، تەرمی ژنێکی نەناسراو دەدۆزرێتەوە. " ژیانەوە ٥\٨\ "٢٠٠٧

١٢- کچێك بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکدا بێسەرو شوێن دەکرێت. " ژیانەوە ٢٠٠٧\٩\٢٠

١٣- وەزیری داد: "پێم باشە سوڵحی عەشایەری هەبێت بە مەرجێك کاریگەری لەسەر لایەنی یاسایی نەبێ" ژیانەوە
١٧\١٠\٢٠٠٧ "

١٤- دوعا بەدەستی هاوسەرەکەی کوژرا." ڕێوان ١٦\١١\ ٢٠٠٧".

١٥- پیاوێـك لـە ڕانیـە ژنەکـەی خـۆی دەکوژێـت و تەرمەکـەی لـە ماڵـەوە بەجێدەهێڵێ. " ڕێوان ١٦\١١\٢٠٠٧ "

١٦- داستان خۆی کوشت و بەیانیش کوژرا. " ڕێوان ١١\٢\٢٠٠٧ " .

١٧- ئەو شەوە دایکم نەکوشتایە خۆم دەکوشت."ڕێوان ٨\٢\٢٠٠٧ " .

١٨- "ح" پاش ئەوەی سوڵحی بۆ کرا کوژرا. " ڕێوان ١٦ \٣\٢٠٠٧ " .

١٩- لە مەیدان تەرمیی کچێکی سوتێنراو دەدۆزرێتەوە." ڕێوان ١ \٤\٢٠٠٧" .

٢٠- لە گۆیژە تەرمیی ژنێك دۆزرایەوە. " ڕێوان ١٦\٥\٢٠٠٧" .

٢١- ژنێك لەسەر ڕەدوکەوتنی خوشکەکەی کوژرا. "ڕێوان ١٦\٥\٢٠٠٧ " .

٢٢- لە هـەولێر و سلێمانی ساڵی ٢٠٠٧ هـیچ کەسێك حوکوم نـەدراوە لەسـەر تاوانی کوشتنی ژنان بە ناوی شەرەفەوە " ڕ ێوان ١٦\٦\٢٠٠٧ "
.

٢٣- بکوژانی کچە سوتێنراوەکەی گۆیە سزادران. " ڕێوان ١ \٧\ ٢٠٠٧ "

٢٤- پیاوێـك بـە چـەقۆ ژنەکـەی کوشـت و هـەوڵی خۆکوشتنیـشیدا."ڕێـوان ١٦\٧\٢٠٠٧"

٢٥- تۆمەتبار بە کوشتنی شنۆ ئازاد کرا. " ڕێوان ١١\٨\ ٢٠٠٧

٢٦- موقەدەم نەریمان : دۆسیە داخراوەکانی کوشتنی ژنـان هەڵدەدرێتـەوە. " ڕێوان ١ \٩\٢٠٠٧"

٢٧- لە هەولێر و سلێمانی ٧٠ ژن کوژراون و ٢٠١ ژنیش سووتاون لەشەش مانگی ساڵی ٢٠٠٧ دا. "رێوان ٢٠٠٧\١٠\١١"

٢٨- لە ٦ مانگدا ١١٤ ئافرەت کوژراو و سووتاون." رێوان ٢٠٠٧\١٢\١٦ "

٢٩- دووکچ پەرێزنێکیان کوشت. " هاوڵاتی ٢٠٠٧\١\١٧"

٣٠- پیاوێك ژنەکەی خۆی کوشت."هاوڵاتی ٢٠٠٧\١\٣١ "

٣١- ژنێك لە زێی تەقتەق بە خنکاوی دۆزرایەوە. "هاوڵاتی ٢٠٠٧\١\٣١".

٣٢- لە کەرکوك پارێزەرێك کوژرا. " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٢\٢١ ".

٣٣- دوو تەرمی سووتاو دۆزرانەوە. " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٣\١٩ "

٣٤- ئەو کورِ و ژنەی هەڵاتن کوژران. " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٣\١٩"

٣٥- ئافرەتێك دەخنکێنرێت . " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٣\٢٨ ".

٣٦- لە کۆیە تەرمی ئافرەتێك دۆزرایەوە." هاوڵاتی ٢٠٠٧\٤\٤"

٣٧- لە هەولێر ئافرەتێك کوژرا. " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٤\١١ "

٣٨- بە سێ پیاو ژنێکیان کوشت ." هاوڵاتی ٢٠٠٧\٥\١٦ "

٣٩- لەسەر رێگای قەرەهەنجیر – شوان تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە." هاوڵاتی ٢٠٠٧\٥\٢٣ "

٤٠ - تەرمی ژنێك دۆزرایەوە . " هاوڵاتی ٢٠٠٧\٦\٢٠ "

٤١- کچێك دەکوژرێت." ئاوێنە ٢٣ \١١\ ٢٠٠٧"

٤٢- ژنێك بە کلاشنکۆف دەکوژرێت. " ئاوێنە ٢٠٠٧\٣\٢٠ "

٤٣- بێوەژنێك دەکوژرێت ."ئاوێنە ٢٠٠٧\٤\١٧ "

٤٤- تەرمی دوو ئافرەت دەدۆزرێتەوە. " ئاوێنە ٢٠٠٧\٤\٢٤ "

٤٥- کوژرانی سێ ژن لە سێ رۆژدا." ئاوێنە ٢٠٠٧\٥\٢٢ "

٤٦- لە سلێمانی کچێك بە بەرد وچەقۆ کوژرا. " ئاوێنە ٢٠٠٧\٦\٥ "

٤٧- کچێکی ١٤ ساڵ بە فیشەک دەکوژرێت." ئاوێنە ٢٠٠٧\٦\١٩ "

٤٨- کچێکی ٨ ساڵان پارچە پارچە دەکرێت." ئاوێنە ٢٠٠٧\٧\١٠"

٤٩- کوڕێک خوشکەکەی دەداتە بەر گوللە." ئاوێنە ٢٠٠٧\٧\١٠"

٥٠- دوو ژن و منداڵێک کوژران." ئاوێنە ٢٠٠٧\٧\١٧"

٥١- ژنێک بە چەقۆ دەکوژرێت." ئاوێنە ٢٠٠٧\٧\١٧ "

٥٢- لە ماوەی ٧ مانگدا ١٠٨ ژن لە سلێمانی و هەولێر کوژراون." ئاوێنە ٢٠٠٧\٨\١٤ "

٥٣- دوو خوشك بەیەکەوە دەکوژرێن." ئاوێنە ٢٠٠٧\٨\٢١ "

٥٤- لە شارۆچکەی دوکان شەش ژن دەکوژرێن." ئاوێنە ٢٠٠٧\٨\٢١"

٥٥- ئەو کچەی بە تۆمەتی سکپڕبوون کوژرا پشکنین دەریخست کە هەر کچ بووە." ئاوێنە ٢٠٠٧\٨\٢١"

٥٦- لە ماوەی ٥ ساڵدا ٨٨ ژن کوژراون." ئاوێنە ٢٠٠٧\١٢\٤ "

٥٧- لەسەر خۆشەویستی کوڕ و کچێك دەکوژرێن." ئاوێنە ٢٠٠٧ \١٢\٢٥

بەرامبەر بە تۆمارکردنی لاپەڕەی رۆژنامەکان ، سەبارەت بە ڕوداوی تۆمارکردنی ئەو تاوانانەی باس لە چیرۆکی خوێناوی جۆربەجۆر دەکەن و بەدواداچونیان بۆ کراوە ، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەو مەسەلەیەی پێکهێناوە بە ناوی ( بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژ ی ژنان ) کە یەکێك لە کارەکانی تۆمارکردنی سەرجەم ئەوتوندوتیژیانەیە کە لە ڕێی کۆنوسی بنکەکانی پۆلیسەوە پێیان دەگات و دواتر کۆکردنەوەی ئەو داتایانەیە لە بەشێکی تری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا بە ناوی بەشی ئامار ، ئەم

بەڕێوەبەرایەتییە سەرەتا لە شاری سلیمانی لە ٢٠٠٧\٧\٤ دا دروست بوو و دواتریش لە ٧ \ ٢٠٠٧\١٠ دا لە شاری هەولێریش ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە و دەستی بە کارەکانی کردووە .

ئامارەکانی ساڵی( ٢٠٠٧ ) ی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە شاری سلێمانی بە پێی خشتەی ژمارە ( ١ ) باس لە تاوانەکانی کوشتنی ژنان دەکات لە پارێزگای سلیمانیدا بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە ، کە بە پێی خشتەکە دەرکەوتووە کۆی تاوانەکانی کوشتنی ژنان لە پاریزگای سلیمانیدا بە ئیدارەی گەرمیانەوە دەگاتە ٢٦ تاوان کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (کەلار، خانەقین، شۆرش، چمچەماڵ، قادرکەرەم، رزگاری) .

خشتەی ژمارە (1)

تاوانی کوشتنی ژنان بە پێی ژمارە و پۆلێنکردنی تاوانباران و دۆسیەکانیان لە پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەی گەرمیانەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧

| ژمارە | جۆری تاوان | کوشتنی ژنان |
|---|---|---|
| ١ | ژمارە | ٢٦ |
| ٢ | ناوشار | ٤ |
| ٣ | دەرەوەی شار | ١٤ |
| ٤ | ئیدارەی گەرمیان | ٩ |
| ٥ | تاوانبار گیراوە | ١٠ |
| ٦ | تاوانبار نەگیراوە | ١٢ |
| ٧ | تاوانباری نییە | ٤ |
| ٨ | دۆسیەی داخراوە | - |
| ٩ | دۆسیەی دانەخراوە | ٢٦ |

لە خشتەکەدا دەرکەوتووە زۆرترین تاوانی کوشتن بە پلەی یەکەم لە دەرەوەی شاردایە و بریتییە لە (١٤) تاوان و ئیدارەی گەرمیانیش بە پلەی

دووەم دێت کە ( ٩) تاوانە و ناوشاریش بە پلەی سییەم دێت و (٤) تاوانی تێدا ئەنجامدراوە ، زۆری تاوانەکان لە دەرەوەی شاردا ئاماژەیە بۆ نزمیی یان لاوازیی ئاستی هۆشمەندی تاکەکان و زاڵێتی دەسەڵاتی خێڵەکیی و ئاینی و ئەقڵییەتی پیاوسالاریی لەو ناوچانەدا .

هەروەها لە خشتەکەدا دەرکەوتووە ، لە کۆی تاوانەکاندا تەنها ( ٤) تاوان تاوانباری نییە ، واتە دیار نییە و (١٠) ڕووداو تاوانبارەکانی گیراون و (١٢) تاوانیش تاوانبارەکانی نەگیراون ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرترین تاوانبارانی بکوژانیی ژنان هەڵهاتوون و لەلایەن دادگاوە دەستگیر نەکراون ، ئەمەش بۆخۆی لاوازیی یان سستی دەسەڵاتی دادوەریی لە کۆمەڵگەدا دەردەخات . لە لایەکی دیکەوە ، لە کۆی تاوانەکانی دۆسیەی هەر (٢٦) تاوانەکە بەردەوامە و دانەخراوە واتە لێکۆڵینەوە تیایدا بەردەوامە .

ئەگەرچی خستنە ڕووی ژمارەکان جێی پرسیارگەلێکە و ڕاستی ڕێژەکە ناگەیەنێت. ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆر کات سکالاکەر و شکاتکەر نییە لەتاوانبارەکە ، لەهەمان کاتدا لە ترسی عەیبە وتانە وتەشەنە و ئابڕوچونیانە ، چونکە دراوسێ و کەسوکار ، بکەری ئەو تاوانانە بە پاڵەوان دەزانن ، بەوەی توانیویانە بەو هەڵویستە شەرەفی بنەماڵە و عەشیرەت و خیزانەکەیان بگێرنەوە ، بەهۆی ئەوەیشەوە کە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکرێت و هەڵویستەکەی بەرز دەنرخێنرێت . ئەگەر ڕاپۆرت وکۆنوسەکانی بنکەکانی پۆلیسیش تەنها ناڕاستەی تێروانینی تاوانبار و شایەتەکان دەگوێزیتەوە کە زۆر جار دەشێت تێروانینی خودی کەسەکان بێت ، ئەوا ڕاپۆرتەکانی پزیشکاریی دادوەریی کە بە لقێك لە زانستی پزیشکی دادەنرێت ، لە زیندوو و مردوودا هەڵدەستیت بە تاووتوێکردن و

چارەسەرکردنی ئەو کێشەو بابەتە پزیشکیانەی پەیوەندیدارن بە دادگاوە ، بە مەبەستی پەردە لادان لەسەر تاوان و ڕێگرتن لە ڕوودانیان . بۆیە بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی سەلامەتی کۆمەڵ دادەنرێت و تەنها دەربڕی تیروانینەکانە بۆ ئەوەی لە ڕووی زانستیی و تویکاریی و شیکردنەوەوە بگەنە هۆکاری دروستبوونی مەرگ و خستنە ڕووی تاوانە کۆمەلایەتییەکان ، کە زۆر جار شیکردنەوەکانیان بابەتیانەیە ، تەنانەت زۆر لەو چیرۆك و ڕۆمانانەی ئەم بوارە ئەوە دەسەلێنن کە شمشێری ستەم و وزولم پێش حیکمەتی ئەقڵ دەکەوێت ، ئەمە جگە لەوەی ئەم پەیمانگایە لە شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دامەزراوە و لە ( ٦ ) قەزاشدا بەشەکانی هەیە، هەر بۆیە بەڕێوەبەری ( پەیمانگای پزیشکاریی-دادوەریی لە شاری سلیمانی ) لە چاوپێکەوتنێکیدا بە زۆریك لە زانیارییەکانی بوارەگەی تووشی سەرسوڕمانمان دەکەن ، "د بەرزان" ئاماژەی بە خاڵێکی تری ترسناك و نادادپەروەری و نامرۆڤانە کرد، بەوەی زوربەی تاوانەکانی کوشتن بە سووتان داپۆشراوە، بە واتایەکی دیکە ، ڕێژەی ٨٥٪ ی ئەو ژنانە بەر لەسووتانیان کوژراون ، واتە بۆ داپۆشینی تاوانەکە و نەزانینی شێواز و چۆنێتی کوشتنەکە دەسوتێنرێن ، بەوشێوەیەش بکەر وتاوانبار قوتار دەبن لە سزادان و لێپرسینەوە ، کە ئەمەش بۆخۆی گەورەترین ستەم و ناڕەواترین شێوازی توندوتیژییە دژ بە ژنان .

بۆیە ڕێژەی سووتانی ژنان ڕێژەیەکی زۆرە و بەر لەوەی سووتان بێت بە قەزا و قەدەر ، وەك لە لایەن زوربەی کەسوکارەوە ئاماژەی پێدەکرێت ، تاوانێکە . بەرامبەر بەوەش ژمارە و ڕێژەی بێتاوان وکوشتنی ژنان زیاتر دەکات کە بە پێی خشتەی ژمارە (١) ی ئاماری ساڵەکان دەریانخستووە ،

سووتاوی ڕێژەیەکی بەرچاوی ژنانی پێکهێناوە کە جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە ، ئەمە وێڕای ئەوەی هەر لە نێوەندی ڕاستیەکانی پزیشکاریی دادوەرییدا دەرکەوتووە ٩٧٪ ی ئەو ژنانەی کوژراون ، پاش ئەوەی پشکنینیان بۆ کراوە، بە تەواوەتی بێتاوانن لەو تۆمەتەی بۆیان دروست دەکرێت ، بەوەی پەردەی کچێنیان لەدەستداوە ، بۆیە دەبنە قوربانیی دابونەریت و تێڕوانینی دواکەوتووی کۆمەڵگە ، ئەوەش بەهۆی ناهۆشمەندی و دواکەوتووی تاکەکانێوەیە ، بەو واتایەی تەنها گومانکردن لەو کچ وژنانە بۆتە هۆی لەناوبردنیان ، ئەوەش مانشێتی زۆرێك لەئاماری ئەو ڕۆژنامانە دەسەلێنێت کە باسیان لەو ڕاستییە کردووە و بۆتە هۆکاری سەرەکیی زوربەی تاوانەکان . گومانە و تەنها لە ئەقلیەتی بکوژەکەدایە ، کاتێك لە ساتێکی ڕەگەزپەرستی و پیاوسالاریدا غەریزەی دەجوڵێت و ڕەوایەتی بەخۆی دەدات مێینەکان سەرببڕێت ، بیانخنکێنێت و بیانوستێنێت ، بە بێ ئەوەی بۆ چەند ساتێکیش بێت گوێ لە دەنگی ئەقڵ و ویژدان بگرێ . لە یەکێك لە ئامارەکانی ئەو مردووانەی ساڵی (٢٠٠٧ ) هێنراونەتە پەیمانگای پزیشکاریی دادوەریی و کاری توێکاریان بۆ کراوە ، سەبارەت بەوژنانەی سووتاون لەم ساڵەدا ، ڕێژەیان ( ٢١٩ ) بووە ، لەم ڕێژەیە ( ٩٨ )یان کچ بوون و تەنها دووانیان پەردەی کچێنیان لەدەستداوە ، کە بە بەراوورد لەگەڵ ڕێژە گشتییەکەدا ڕێژەیەکی زۆر کەمە ، ئەمەش لە لایەك ڕاستی ئەوەمان بۆ دەسەلێنێتەوە کە زوربەیان بە بێتاوان کوژراون و تەنها گومانیان لێکراوە ، لە لایەکی دیکەشەوە گرنگیی و پیرۆزیی پەردەی کچێنێ دەردەخات لە کۆمەڵگەدا ، بەوەی لەدەستدانی ئەو پەردەیە مانای ئابڕووچوون و سەرشۆڕی سەرجەم تاکەکانی خێزان و

عەشیرەت دەگەیەنێت ، وێرای ناهۆشمەندی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی زانستییەوە بە شێوە و جۆرەکانی پەردەی کچێنێ کە وایکردووە کێشەکان ئالۆزتر بن و زۆرجار نەبوونی خوێن لە شەوی بوکێنیدا ببێتە مایەی خولقاندنی کێشەی هەمەجۆر ، لە کاتێکدا لە ڕووی زانستییەوە ، دەشێت ئەو پەردەیە لە جۆری لاستیکی( مەتاتی ) بوو بێت . یان بەهۆی دواکەوتنی سوڕی مانگانەوە کە زۆر جار بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆناتەوە ڕوو دەدات بووبێتە مایەی خولقاندنی کێشەی هەمەجۆر، لە کاتێکدا پاش پشکنین دەرکەوتووە کچ بووە ، یاخود هەندێك جاری دیکە کچەکە بەهۆی جۆرێك لە زکماکییەوە کە هەر لەدایکبوونیەوە پێوەی دەناڵێنێت ، پەردەکەی لە جۆری داخراو بووە و ڕێگە بە ڕۆشتنی خوێنی سوڕی مانگانە نادات . بەوەش خوێنەکەی بۆ چەند مانگێك کۆدەبێتەوە و دەرئەنجام کچەکە هەست بە ئازار ناکات و تەنها سکی دەئاوسێت و زۆرجار ئەوئاوسانە وا دەکات مەنتقی ئەقڵ دەوستێت و دەبێتە مایەی لەناوبردنی چەندین کچی بێتاوان.

لە لایەکی دیکە وەك لە خشتەی ژمارە ( ٢ ) دا دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی ڕوداوەکان بەگشتی لە ناو شاردا ڕوو دەدەن ، وەك لە دەرەوەی شار ، بە تایبەتی ئاماری ئەو سووتاوانەی لە ناوپەیمانگای پزیشکاریی دادوەریی لە سالی ٢٠٠٧ دا تۆمارکراون ، ( ٢١٩ ) کەسە لە کاتێکدا لە دەرەوەی شار ١٢ کەسە.

خشتەی ژمارە ( ٢ )

ئاماری ئەو مردووانەی لە ناوشار و دەرەوەی شاری سلیمانیدا تۆمارکراون لە ١\١\٢٠٠٧ تا ١\١\٢٠٠٨

| هۆکاری مردن | ناوشار | دەردوەی شار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| کوشتن بە فیشەک | ٢١ | ١٥ | ٣٦ |
| سووتان | ٢١٩ | ١٢ | ٢٣١ |
| خنکان بە پەت ودەست | ٧ | ١ | ٨ |
| خنکان لە ناو ناو | ٦ | ٧ | ١٣ |
| خنکان بە هەلواسین | ٠ | ٠ | ٠ |
| هیتر | ٢٥٣ | ٣٥ | ٢١٧ |
| کۆی گشتی | ٣٥٠ | ١٤٢ | ٤٩٢ |

هەروەها خشتەی ژمارە (٣، ٤) بەراوردیک دەخاتە روو ، سەبارەت بە ژمارەی توندوتیژییەکانی تایبەت بە ژنان لە ساڵانی ( ٢٠٠٢ – ٢٠٠٨ ) دا ئەنجامدراون ، کە بەگشتی سەرجەم رێژەکانی جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕوو لە زیادبوونە ، جگە لە دەرخستنی ئەو رێژانە لە پێش و پاش پشکنیندا کە جۆر و هۆکاری کوشتنەکە دەستنیشاندەکات ، بەدەر لە ڕادەی ئەوگومانانەی بەهۆیەوە بۆتە هۆکاری چەندین کوشتنی بێتاوان ، کە باجی یەکەم وکۆتایی ئەو تاوانانە تەنها کچان یان ژنان لە ئەستۆی دەگرن .

خشتەی ژمارە ( ٢ )

ئاماری رووداوی توندوتیژی تایبەت بە ژنان بۆ سالانی ( ٢٠٠٢ / ٢٠٠٧ )

پیش پشکنینی پزیشکی لە پەیمانگای پزیشکاری دادوەری لە پاریزگای سلیمانیدا

| هۆکاری مردن | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن بە فیشەك | ٢٠ | ٣٧ | ٢٥ | ٥٢ | ٤٨ | ٢٨ |
| سووتان | ٦٨ | ٩٨ | ١٣٦ | ١٨٠ | ٢٠٢ | ١٤٩ |
| خنکان بە پەتو دەست | ٥ | ٥ | ٠ | ٥ | ٤ | ٦ |
| خنکان لە ناو ئاو | ١ | ١ | ٦ | ٣ | ٨ | ٩ |
| خنکان بەهەڵواسین | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٠ |
| هیتر | ٨ | ٧ | ٢ | ١ | ٣٣ | ١١ |
| کۆی گشتی | ١٠٣ | ١٤٦ | ١٧٠ | ٢٤٢ | ٢٩٦ | ٢١٣ |

خشتەی ژمارە ( ٤ )

ئاماری ڕووداوی توندوتیژی تایبەت بە ژنان بۆ سالانی ( ٢٠٠٢-٢٠٠٧ )

دوای پشکنینی پزیشکی لە پەیمانگای پزیشکاری دادوەریی لە پاریزگای سلیمانی

| هۆکاری مردن | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن بە فیشەك | ٢٠ | ٣٧ | ٢٥ | ٥٢ | ٤٠ | ٣٦ |
| سووتان | ٥٥ | ٧٩ | ١٠٩ | ١٥٠ | ١٥٧ | ٢٣١ |
| خنکان بە پەت ودەست | ٥ | ٥ | ٠ | ٥ | ٤ | ٨ |
| خنکان بە ئاو | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٣ |
| خنکان بە هەڵواسین | ١ | ١ | ١ | ١ | ٠ | ٠ |
| هیتر | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | ٢٠٤ |
| کۆی گشتی | ٨٢ | ١٢٢ | ١٣٦ | ٢٠٨ | ٢٠٤ | ٤٩٢ |

خشتەی ژمارە ( ٥ )

ئامارە بڵاوکراوەکانی کوشتنی ژنان لە ڕۆژنامەی " ژیانەوە "

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی قوربانی | ژنێك بە ناوی دوعا | ژنێك | كچێك بەناوی پەیمان | دایكێك | كچێك | كچێك | دوعا |
| تەمەن | ٢٠ ساڵ | ٢٧ ساڵ | ٢٥ ساڵ | - | ١٧ ساڵ | ١٦ ساڵ | ١٧ ساڵ |
| جۆری کوشتن | فیشەك | | فیشەك | فیشەك | فیشەك | فیشەك و سوتێنراوە | بەردو بلۆك |
| کەسی تاوانبار | مێرد | مێرد | براكەی | كوڕەكەی | مامی | - | گەنجانی ناوچەكەی |
| هۆکاری کوشتن | كێشەی نێوانیان | - | | سەندنەوەی شەرەف | ڕەدووكەوتن لەگەڵ خۆشەویستی | - | پەیوەندی خۆشەویستی |
| جۆری سزا | دەستگیركراوە | دەستگیرنەكراوە | هەڵاتوە | دەستگیر نەكراوە | - | - | |
| شوێنی ڕوداو | هەولێر | ڕانیە | ڕانیە | لادێ | گوندی لای دووز | نەناسراوەتەوە | بەعشیقە |
| ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامە | ٢٠٠٧/٢/١ | ٢٠٠٧/١/١ | ٢٠٠٧/٣/٨ | ٢٠٠٧/٣/١٦ | ٢٠٠٧/٤/١ | ٢٠٠٧/٥/١ | ٢٠٠٧/٥/١٦ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زنێک | ٣٠ ساڵ | کوشـتن و سووتان | نەزانراوە | - | - | خانەقین | ٢٠٠٧/٥/١٩ |
| زنێک | - | ١٣ فیشەک | نەزانراوە | - | - | کۆیە | ٢٠٠٧/٥/١٩ |
| زنێک | ٦٠ ساڵ | فیشەک | کەسوکاری | ویستویەتی خوشکەزا ڕەدووکەوتووە کەی بدات بە گوری خوشکی | - | کانی تووە لە ناحیەی بنگرد لە رانیە | ٢٠٠٧/٥/١٩ |
| زنێک | - | فیشەک | نەزانراوە | - | - | گۆیژە | ٢٠٠٧/٥/١٩ |
| شوبو | - | - | - | - | رایکردووە | - | ٢٠٠٧/٩/١١ |
| کچ | ١٦ ساڵ | فڕێدراوەتە ناو ئاو | - | - | - | دەربەندی رانیە | ٢٠٠٧/٧/٩ |
| کچ | ١٤ ساڵ | - | براکەی | - | رایکردووە | سید سادق | ٢٠٠٧/٧/١٩ |
| زنێک | ٢٧ساڵ | چەقۆ | مێردەکەی | - | - | زەرینۆک لە سلێمانی | ٢٠٠٧/٨/١١ |
| زنێک | ٢٥ ساڵ | گوزرا و سوتێنراو | - | - | - | رانیە | ٢٠٠٧/٨/١ |

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**ئامارە بڵاوکراوەکانی کوشتنی ژنان لە ڕۆژنامەی " هاوڵاتی "**

| ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامە | ٢٠٠٧\٤\٤ | ٤\١١ ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧\٥\٩ | ٥\١٦ ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧\٥\٢٢ | ٦\٢٠ ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧\٨\١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شوێنی ڕوداو | هاوینەهەواری چنارۆکی کۆیە | هەولێر | گوندی کورگەبێی \چەمچەماڵ | ڕایانکردووە | قەرەهەنجیر - شوان | گوندی حەفریە لەکرکوک | ناحیەی سەنگەسەر لە ڕانیە |
| جۆری سزا | - | - | دەستگیرکراوە | - | - | - | - |
| هۆکاری کوشتن | - | - | - | - | نەناسراوەتەوە | - | - |
| کەسی تاوانبار | - | کەسوکاری | کەسانی گوند | مێردو دوو شوبرای | - | - | - |
| جۆری کوشتن | نەناسراوەتەوە | - | فیشەک | فیشەک | فیشەک بەسەروبەسنگیدا | سوتێنراوە | سوتێنراوە |
| تەمەن | - | - | - | ١٩ ساڵ | ٤٠ ساڵ | - | ٢٧ ساڵ |
| ناوی قوربانی | ئافرەتێک | ئافرەتێک بەناوی(ن.س) | کچێک بەناوی(د.م) | ژنێک بەناوی (ش.ع) | ژنێک | ژنێک | ژنێک بە ناوی (ز.م) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧/٨/١١ | ٢٠٠٧/٨/١١ | ٢٠٠٧/٩/١٥ | ٢٠٠٧/٩/١٥ | ٢٠٠٧/٩/١٢ | ٢٠٠٧/١٠/١٧ |
| کێوە ڕەش | هەڵەبجە | داقوق | دهۆك | گونـــدی قوریتـــان لەهەولێر | — |
| — | دەستگیرکراوە | دەستگیرکراوە | — | — | دەستگیرکراون |
| — | — | — | نەزانراوە | کێـــشەی کۆمەڵایەتی | پەیوەنـــدی خۆشەویستی |
| — | میردەکەی | میردەکەی | — | — | ١٥ پیاو |
| دوو فیشەك بە سنگیدا | شکانی پەنجەی دەستی | — | کوژراون لە ئوتومبیل | — | کوژراوە |
| — | — | — | — | ٢٢ ساڵ ساڵ | ١٩ ساڵ |
| ژنێـــك بەناوی(ن.ع) | ژنێك بەناوی (ە.ر) | ژنێـــك بـــەناوی (ر.ج) | دوو خوشك | ژنێك | ژنێك |

خشتەی ژمارە ( ٧ )

ناماره بڵاوکراوەکانی کوشتنی ژنان لە ڕۆژنامەی " ڕێوان "

| ژمارە | ناوی قوربانی | تەمەن | جۆری کوشتن | کەسی تاوانبار | هۆکاری کوشتن | جۆری سزا | شوێنی ڕوداو | ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ژنێک بە ناوی (ل-م) | - | دوو فیشەک بە سنگی | براکەی | کێشەی خێزانی | - | ڕانیە | ٢٠٠٧\٢\١٨ |
| ٢- | کچێک بە ناوی (ب-م) | - | - | براکەی | - | - | ڕانیە | ٢٠٠٧\٤\١٨ |
| ٣- | ژنێک | - | فیشەک بە سنگیەوە | | - | - | کۆیە | ٢٠٠٧\٤\٨ |
| ٤- | کچێک بەناوی (د) | - | فیشەک | خەڵکی ناوچە | پەیوەندی خۆشەویستی | - | تەکیە | ٢٠٠٧\٥\١٢ |
| ٥- | ژنێک بە ناوی (ش) | - | - | مێرد | پەیوەندی خۆشەویستی | دەستگیرنەکراوە | شۆڕش | ٢٠٠٧\٥\٢٧ |
| ٦- | ژنێک | ٢٧ ساڵ | خنکان لە ئاو بە قاچ بەستراوی | - | - | - | دەربەندی ڕانیە | ٢٠٠٧\٦\١٠ |
| ٧- | ژنێک بەناوی (ا-ع) | ٤٥ ساڵ | - | - | کچەکەی نەداوە بە گەورەتر لەخۆی | - | گوندی کانی تو ادرکان | ٢٠٠٧\٧\٨ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -٨ | کچێک | - | خنکێنراو | - | - | - | ناوی بنگردادوکان | ٢٠٠٧\٧\٨ |
| -٩ | ژنێک بە ناوی (لە-س) | ٢٤ سال | فیشەک | - | شەرەفپارێزی | دەستگیرکراوە | خەلیفان | ٢٠٠٧\٧\٨ |
| -١٠ | ژنێک بەناوی (ج-ن) | ٢٧ سال | ٨ چەقۆ | مێرد | کێشەی نێوانیان | - | زێرینشۆک لە سلێمانی | ٢٠٠٧\٨\٥ |
| -١١ | ژنێک | ٢٤ سال | فیشەک | براکەی | شەرەفپارێزی | - | خەلیفان | ٢٠٠٧\٩\٢ |
| -١٢ | کچێک | ٤٤ سال | - | کەسوکاری | پەیوەندی خۆشەویستی | - | گوندی دوێر لەچەمچەماڵ | ٢٠٠٧\٩\٢٠ |
| -١٣ | ژنێک بە ناوی (ن-ع) | ٢٦ سال | فیشەک | مێرد | - | دەستگیرکراوە | رانیە | ٢٠٠٧\١٠\١١ |
| -١٤ | کچێک | ٢٠ سال | - | باوک وبرا | گومانکردن | - | کەرکوک | ٢٠٠٧\١٠\٢١ |

خشتەی ژمارە ( ٨ )

ئامارە بلاوکراودکانی کوشتنی ژنان لە ڕۆژنامەی " ئاوێنە"

| ژمارە | ناوی قوربانی | تەمەن | جۆری کوشتن | کەسی تاوانبار | هۆکاری کوشتن | جۆری سزای تاوانبار | شوێنی رووداو | ڕۆژی بلاوبونەوەی لە ڕۆژنامە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کچێک | - | فیشەک | | - | خۆی تەسلیم کردوە | هەمزاى سمێل/دوکان | ٢٠٠٧/١/٢٣ |
| ٢ | ژنێک | ٤٠ ساڵ | فیشەک | | ناسنامەی نەبووە | - | گوندی کەوەڵسە /ئاقرەحمەتمیر | ٢٠٠٧/١/٣٠ |
| ٣ | ژنێک | ٣٦ ساڵ | - | - | - | - | گوندی شیخ باوە/کەلار | ٢٠٠٧/٢/١٣ |
| ٤ | ژنێک | ٢٠ ساڵ | - | - | - | - | زێی تەقتەق /شوان | ٢٠٠٧/٢/١٣ |
| ٥ | ژنێک | - | فیشەک | مێرد | - | دەستگیر کراوە | رزگاری/کەلار | ٢٠٠٧/٢/٢٠ |
| ٦ | ژنێک | ٣٥ ساڵ | کلاشینکۆف | | | دەستگیرکراوە | کانی گورە/سلێمانی | ٢٠٠٧/٣/٢٠ |
| ٧ | کچێک | ٦١ ساڵ | | - | - | - | گەرنە/هەولێر | ٢٠٠٧/٣/٢٧ |
| ٨ | کچێک | ٣٥ ساڵ | دوو فیشەک | - | - | - | تانجەرۆ/سلێمانی | ٢٠٠٧/٣/١٣ |
| ٩ | ئافرەتێک | - | دوو فیشەک | - | - | - | لەیلان/کەرکوک | ٢٠٠٧/٤/١٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠- | بێوەژن | ٢٩ ساڵ | - | بڕا | کێشەی خێزان | دەستگیرکراوە | جەلەولا/کەلار | ٢٠٠٧/٤/١٧ |
| ١١- | ئافرەتێک | - | ڕوخساری شێواوە | - | - | - | - | ٢٠٠٧/٤/٢٤ |
| ١٢- | ئافرەتێک | ١٥ ساڵ | فیشەک | - | - | - | گوندی بەحرکە/هەولێر | ٢٠٠٧/٤/٢٤ |
| ١٣- | کچێک بە ناوی دوعا | ١٧ ساڵ | بەرد و بلۆک | خەڵکی ناوچە | بەبیانووی خۆشەویستی | | بەعشیقە/مووسڵ | ٢٠٠٧/٥/١ |
| ١٤- | ئافرەتێک | - | - | | | | هەروەتەی بناری شاخی گۆیژە | ٢٠٠٧/٥/١٤ |
| ١٥- | ئافرەتێک | - | ٢ فیشەک | | کێشەی کۆمەڵایەتی | | دووکان/ ڕانیە | ٢٠٠٧/٥/١٥ |
| ١٦- | ژنێک | - | ئاوی دووکان | | شەرەفپارێزی | | دووکان | ٢٠٠٧/٥/٢٢ |
| ١٧- | ژنێک | - | - | | شەرەفپارێزی | | بنگرد | ٢٠٠٧/٥/٢٢ |
| ١٨- | ژنێک | - | - | | شەرەفپارێزی | | دووکان/ڕانیە | ٢٠٠٧/٥/٢٢ |
| ١٩- | کچێک | ٢٠-٢٥ | جەقۆ و بەرد | | | | دارەکەی قلیاسان | ٢٠٠٧/٦/٥ |
| ٢٠- | ژنێک | - | خنکاوە | | | | شارەوانی/هەولێر | ٢٠٠٧/٦/٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١- | ئافرەتێك | ٢١ سال | فیشەك | - | - | - | - | ٢٠٠٧/٦/١٣ |
| ٢٢- | كچێك | ١٤ سال | فیشەك | - | - | - | خەبات/سلێمانی | ٢٠٠٧/٦/١٨ |
| ٢٣- | كچێك | ١٥ سال | فیشەك | - | كێشە | - | شارۆچكەی سەیدسادق | ٢٠٠٧/٧/٣ |
| ٢٤- | كچێك | ٨ سال | شێوێنراوە | - | - | - | شارۆچكەی مەخموور | ٢٠٠٧/٧/١٠ |
| ٢٥- | دوو ژن | - | فیشەك | - | - | - | گوندی سیتارە/هەولێر | ٢٠٠٧/٧/١٥ |
| ٢٦- | ژنێك | | جەغز | مێرد | | دەستگیركراوە | سەیوان/سلێمانی | ٢٠٠٧/٧/١٧ |
| ٢٧- | كچێك | ١٥ سال | فیشەك | - | - | - | خۆشەرەنگوێر/سلێمانی | ٢٠٠٧/٧/٢٥ |
| ٢٨- | كچێكی بەغداوی | ٨ سال | شێوێنراوی | - | تۆڵەسەندنەوە | دەستگیركردنی ٦ كەس | گۆڕستانی مەخموور | ٢٠٠٧/٧/٣١ |
| ٢٩- | ژنێك | - | فیشەك | مێرد | - | دەستگیركراوە | شارۆچكەی قەلادزێ | ٢٠٠٧/٨/١١ |
| ٣٠- | كچێك | ١٨ سال | - | - | پەیوەندی خۆشەویستی | - | زەمار/دهۆك | ٢٠٠٧/١٢/٢٥ |
| ٣١- | ژنێك | | دوو فیشەك | - | - | - | شەهیدانی ئازادی/سلێمانی | ٢٠٠٧/١٢/٢٥ |

لە ڕوانگەی ئاماری ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەكانی هەر یەك لە ( ژیانەوە ، هاوڵاتی ، ڕێوان ، ئاوێنە) دا شیكاری ئامارەكان لە ڕێی ئەم خشتانەوە دەكەم:

خشتەی ژمارە ( ٩ ) تەمەنی کەیسەکان بە ساڵ

| ژمارە | تەمەن بە ساڵ | ژمارەی کەیسەکان |
|---|---|---|
| ١ | ٨ | ٢ |
| ٢ | ١٤-٢٤ | ١٧ |
| ٣ | ٢٥-٣٥ | ١١ |
| ٤ | ٣٦-٤٦ | ٨ |
| ٥ | ٦٠ | ١ |
| ٦ | بەتاڵ | ٣٧ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

لە خشتەی ژمارە ( ٩ ) دا دەردەکەوێت کە بە گشتی تەمـەنی کوژراوەکان لـە نێوان ( ١٤-٢٤) ساڵیدایە ، تەنها دوو کەیس نەبێت کە لە تەمـەنی ( ٨) ساڵیدا ڕوویـداوە ، ئـەوەش بـەهۆی تۆڵەسـەندنەوەوە بـووە . یـەك حاڵـەتیش لـە تەمـەنی ( ٦٠) سـاڵیدا تۆمـارکراوە کـە کـوژراوە لـەکۆی (٧٤) کـەیس کـە (٣٥) لەوانـە تەمەنەکـەی نـەزانراو بـووە بـەهۆی دەسـتنەکەوتنی زانیـاری یـان نەناسینەوەی جەستەکەی و نـەبوونی ناسنامە لـە کاتی کوشـتنیدا ، وێـڕای ئەوەی زۆرترین ڕێژەی کوشتن بە پێی خشتەکە کە لەنێوان (١٤-٢٤) سـاڵیدایە ، ئاماژەیە بۆ قۆنـاغی هـەرزەکاریی و سـەرەتای قۆنـاغی لاوێـتی وهەڵچوون و سـۆز لـە لایـەن ژنانـەوە بـۆ هەڵبـژاردنی هاوسـەر و زۆربـوونی حـەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ لەو تەمەنەدا.

خشتەی ژمارە (١٠ ) جۆری کوشتنی کەیسەکان

| ژمارە | جۆری کوشتن | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|
| ١ | فیشەك | ٣٥ |
| ٢ | بەرد و شکانی دەست یان قاچ | ٤ |
| ٣ | کوشتن و سووتان | ٤ |
| ٤ | شێواندن | ٤ |
| ٥ | دۆزینەوەی لە ئاودا بە خنکاوی | ٤ |
| ٦ | چەقۆ | ٢ |
| ٧ | لەناو ئوتۆمبێل | ٢ |
| ٨ | بەتاڵ | ٢١ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

لە خشتەی ژمارە ( ١٠ ) دا دەرکەوتووە زوربەی ئەو قوربانیانەی کوژراون جۆری کوشتنەکەیان بە فیشەك بووە ، بە زۆری لە دوای کوشتنیشیانەوە جەستەکانیان سووتاوە ، یان بە واتایەکی دیکە شێوێندراوە ، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سوکایەتیکردن بە ژنان ، نەناسینەوەی جەستەکانیان ، دەستگیرنەکردنی تاوانباران و خولقاندنی ترس و تۆقاندنی ژنان و کچانی دیکە ، لە کاتێکدا ( ١٩) یان بەتاڵ بوون و هیچ زانیاریەك تۆمار نەکراوە بەهۆی نەناسینی جەستەکە و نەبوونی ناسنامە پێیان.

خشتەی ژمارە ( ١١ ) دەرخستنی کەسی تاوانبار(بکوژ)

| ژمارە | کەسی تاوانبار | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|
| ١ | مێرد | ١٢ |
| ٢ | برا | ٧ |
| ٣ | کوڕی | ١ |
| ٤ | مام | ١ |
| ٥ | خەڵکی ناوچە | ٤ |
| ٦ | نەزانراوە | ٢ |
| ٧ | کەسوکار | ٣ |
| ٨ | بەتاڵ | ٤٦ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

- لە خشتەی ژمارە ( ١١ ) دا دەردەکەوێت بە زۆری کەسی تاوانبار (بکوژ) کەسانی پلەیەکی قوربانییەکەن ، واتە مێرد ، باوك و برا ، هەندێ جاریش کەسانی پلە دوون وەك مام ، کەسوکار و خەڵکی ناوچەکەن ، وە ( ٤٦ ) یش بەتاڵە واتە زانیاریان لەسەر تۆمار نەکراوە.

خشتەی ژمارە ( ١٢ ) هۆکارەکانی کوشتنی ژنان

| ژمارە | هۆکاری کوشتن | ژمارەی کەیس |
| --- | --- | --- |
| ١ | کێشەی خێزانیی | ٧ |
| ٢ | سەندنەوەی شەرەف | ٦ |
| ٣ | ڕەدوو کەوتن | ٢ |
| ٤ | پەیوەندی خۆشەویستی | ٧ |
| ٥ | نەناسراوەتەوە | ٤ |
| ٦ | گومان | ١ |
| ٧ | بەتاڵ | ٤٩ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

خشتەی ژمارە ( ١٢ ) ئاماژە بە هۆکارەکانی کوشتن لە ڕۆژنامەکاندا دەدات کە فرە هۆکارن و بە پلەی یەکەم بوونی پەیوەندی خۆشەویستییە لە نێوان دوو مرۆڤدا ، یان کێشەی خێزانی یاخود شەرەفپارێزییە ، ئەگەرچی زوربەی جاریش تەنها گومانکردنە بۆتە هۆکاری کوشتنی ژنەکە ، بەلاّم بەرامبەر بە کوشتنی ژنەکە پیاوەکە کە لایەنی دووەمی مەسەلەکەیە هەڵدێت یان لێپرسینەوەی لەئاستدا ناگرێت یاخود لە هەندێ کاتی تریشدا ژیانی ئەویش دەکەوێتە هەڕەشەوە و دەکوژرێت . ئەگەرچی هەندێك جاریش لە لایەن دەزگاکانی پۆلیس و بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان بە فریای کچەکە دەکەون وناهێڵرێت بکوژرێت . بۆ پاراستنی ژیانیشی دەبرێتە یەکێك لە پەناگەکانی ڕێکخراوەکان ، ئەمە جگە لەوەی (٤٩) یان هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە کە کاریگەری لەسەر سەرئەنجامی هۆکارەکان هەیە.

خشتەی ژمارە ( ١٣) جۆری سزای تاوانباران

| ژمارە | جۆری سزای تاوانبار (بکوژ) | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|
| ١ | دەستگیر کراوە | ١٤ |
| ٢ | دەستگیر نەکراوە و هەڵهاتووە | ٦ |
| ٣ | بەتاڵ | ٥٦ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

- ئەگەرچی ژمارەی دەستگیرکراوەکان لە خشتەی ژمارە ( ١٣ ) دا زیاترە لە دەستگیرنەکراوەکان و بریتییە لە (١٤ ) بە (٦) ، بەڵام زوربەی جار بکوژەکە هەڵهاتووە و دەستگیر نەکراوە یان کە دەستگیر کراوە کەمجار بە سزای یاسایی گەیشتووە . ئەوەش لە لایەك ئاماژەیە بۆناسەرووەی دەسەڵاتی دادوەریی و لە لایەکی دیکە بۆ زاڵێتی حوکمی پیاوسالاری و خێڵ و عەشیرەت . ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرجار بکوژەکە بەهۆی پشتیوانی و داڵدەدان و پشتئەستووری بە لایەنێك ، دەسەڵاتدارێك یان پارتێکی سیاسییەوە ، وەك کەسێکی ئازادو ئاسایی ژیان دەگوزەرێنێت ، جگە لەوەی هەندی جاریش بکوژەکە سەربەرزانە مامەڵە دەکات و تەنانەت لە لایەن دەوروبەر و کەسوکارەکەوە دەستخۆشی لێدەکرێت ، چونکە ئابروو و شەرەفی خێزان و بنەماڵەکەی کڕیوەتەوە . جگە لەوەی (٥٤) کەیسی بەتاڵ هەبووە لە تۆمارکردنەکاندا ، کە رێژەیەکی زۆرە و کاریگەری خستۆتە سەر دەرخستنی ڕاستییەکان .

خشتەی ژمارە ( ١٤ ) شوێنی ڕوداوەکانی کوشتنی ژنان

| ژمارە | شوێنی ڕوداو | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|
| ١ | شار | ١٣ |
| ٢ | گوند و قەزا و ناحیە | ٥٥ |
| ٣ | بەتاڵ | ٨ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

- لە خشتەی ژمارە ( ١٤ ) دا زوربەی حاڵەتە کوژراوەکان لە دەرەوەی شارەکان ڕوویداوە ، واتە لە گوند ، قەزا وناحیەکاندا وەك ( ڕانیە ، قوشتەپە ، هەڵەبجە ، چەمچەماڵ ، سەنگەسەر ، گوندی قۆریتان ، خەلیفان ، تەقتەق ، سمێل زمار و دوکان ....هتد ) کە ژمارەیان (٥٥) کەیسە جگە لە ناوشارەکان ١٣ ) کەیسە کە سەرجەم شارەکانی ( سلێمانی ، هەولێر ،دهۆك ، کەرکوك ) ی گرتۆتەوە و ( ٦ ) کەیسیش بەتاڵە.

خشتەی ژمارە ( ١٥) تۆمارکردنی قوربانییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەکاندا

| ژمارە | ناوی ڕۆژنامەکان | ژمارەی کەیس |
| --- | --- | --- |
| ١ | ژیانەوە | ١٦ |
| ٢ | هاوڵاتی | ١٤ |
| ٣ | ڕێوان | ١٤ |
| ٤ | ئاوێنە | ٣٢ |
| | کۆی گشتی | ٧٦ |

لەخشتەی ژمارە(١٥) دا دەرکەوتووە کە لە ڕۆژنامەی"ژیانـەوە"دا (١٦)حاڵەتی قوربانی تۆمارکراوە لە کۆی ساڵی ٢٠٠٧ دا ، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی" هاوڵاتی " لە کۆی هەمان ساڵدا ( ١٤) حاڵەتی کوشتنی ژنانی تۆمار کردووە و ڕۆژنامـەی " ڕێوان " یش بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٧ ( ١٤ ) حاڵەت و ڕۆژنامەی "ئاوێنە "ش وەك ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی تەنها (٣٢ ) حاڵەتی قوربانیی تۆمار کردووە .

لەڕوانگـەی ئـەو کێـشە جۆربـەجۆر و ئاڵۆزانـەوە لـەو بـوارەدا هـەن چـەند سەرنجێك دێتە ئاراوە:

١- بەگشتی کەسوکاری قوربانییەکان بە دوای بکەر و تاوانبارەکەدا ناچن ، بەو واتایەی دەستبەرداری مەسەلەکەیان دەبن ، بەوەش یارمەتیدەر دەبن کە خوێنی ئەو بێتاوانە بەفیڕۆ بچێت و تاوانبار بە سزای یاسایی خۆی نەگات ، وێڕای ئەوەی بێدەنگبوون و سکاڵانەکردنیان دەبێتە هۆی ڕێخۆشکردنی زیاتر

لەبەردەم بکوژاندا تا کاری لەو جۆرە بە ئاسایی وەربگرن ، چونکە دڵنیان لێی قوتار دەبن.

٢- لە ٩٩ ٪ ی پزیشکەکانی ژنان دەتوانن بێتاوانیی کچان بسەلمێنن ، لە گەڵ دابینکردنی ئەو ئامێرە نوێیانەی لە ڕێی شەپۆلی دەنگەوە لە ڕۆژانی یەکەمیی سکپڕیدا دەتوانرێت سکپڕییەکەی ئاشکرا بکەن ، بەڵام کێشەکە لە خودی کەسوکاری کچەکەدایە ، جگە لە ترسی خودی پزیشکەکە لە دەرئەنجامەکانی کە دەشێت خێزانەکە ڕازی نەکات وەبەر بە وەڵامدانەوەی پزیشکەکە بڕیاری کوشتنی کچەکەیان جێبەجێ بکەن.

٣- لەگەڵ ئەوەی زۆرجار کوڕەکە دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و ئامادەیی ڕاستکردنەوەی هەڵەکەی هەیە و دەرئەنجام بڕیاری هاوسەرگیری لە گەڵ قوربانییەکەدا دەدات، بەڵام بەرامبەر بەوە کەسوکار واز ناهێنن و لەسەر تاوانەکە سوور دەبن ودەشێت لەو کاتەی کچەکە شووی پێکردوە ، لە هەر سات و شوێنێکدا و پاش تێپەربوونی ماوەیەك بکوژرێت یان هەردووکیان بکوژرێن .ئەمەش لەو ڕوانگەیەی عەیبە و ئابڕوچوون هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری نایسرێتەوە ، تەنها خوێن ڕشتن نەبێت ،

ئەمە جگە لەوەی لە گۆشەنیگای یاساییەوە هەندێ لەمادده یاساییەکان و جێبەجێکردنی لەناو واقعدا مشتومڕ و تێڕوانینی جۆربەجۆریان لەسەرە ، بەڵام بەگشتی هێنانەوەی پاساو بۆ سوککردنی تاوانەکە بە مانای هێرشکردن دێت لەسەر ژنان ،چونکە لە دونیادا هیچ یاسایەك نییە سزایەك لەسەر بکوژێك سووکبکاتەوە کە مەبەستی کوشتنی دەروونێکی مرۆڤایەتی " ڕۆحێکی مرۆیی "بێت ، لەبەر ئەوەی بکوژەکە ئەو یاسایانە

بەکاردەهێنێت و دواتر پاڵنەریش دەبێت بۆ خێزانەکان تا لە ڕێیەوە کوشتار بکەن ، ئەمە جگە لەوەی وا لە خزموکەسوکاریش دەکات پەردەپۆشی ئەو تاوانانە بکەن . یەکێك لەو کێشانەی ڕوبەرووی دادگاکان دەبێتەوە ، ئەوەیە زوربەی ئەوتاوانانە بە بێئاگابوونی دادگاکان و لایەنە رەسمییەکان ڕوو دەدات، چونکە تاوانبار قوربانییەکە لە شوێنێکی دووردەستدا دەشارێتەوە کە دۆزینەوەی تەرمەکەی قورس دەبێت ، ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لەو لاشانە فرێدەدرێنە سەر یەکێك لە ڕێگاکان بێ هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی کە ئاماژە بە ناسینەوەی ئەوقوربانییە بدات . بۆیە بە ناچاری کفنکردنی تەرمەکە بە مەسەلەکەیشێوە دژ بە نادیار(مجهول) تۆمار دەکرێ .جگە لەوەی لە کۆتاییدا و لە زوربەی حاڵەتەکاندا یاسای خێڵەکی حوکوم دەکات ، ئەگەرچی زۆرجار دادوەرەکە ناچار دەبێت تا ژن و پیاوەکە دووچاری کوشتن نەبنەوە ، لای خۆیان دەیانهێڵێتەوە ، بە ئامانجی پاراستنیان بەوەی ماڤ شەش مانگ توقیفکردنیان هەیە وئازادیان ناکات ، پاش وەرگرتنی ئیفادات نەبێت لێیان بە شێوەی دەستنووس . لایەنی یاسایی ئەم دیاردەیە لە زوربەی وولاتانی ڕۆژهەلات و ئیسلامییەکاندا جۆریك لە سزادانی سووك لەسەر بکوژان دەدرێن کە ئەو کارە ئەنجامدەدەن دژ بە مێینەکانی خێزانەکەیان ، تا دەگاتە ئاستی لێخۆشبوون ، هەر وەك لە یاسای سزادانی عیراقیدا لەسەردەمی سستمی دیکتاتۆریدا بوونی هەبوو یاسای ماددەی (٤٠٩) ی ژمارە ١١١ ی سالی ١٩٦٩ کە ڕێ بە کوشتنی ژنان دەدات بێ سزادانی بکوژەکە . بەو واتایەی ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە کوشتنی ژنان بە ئەنقەست یان بە مەبەست هیچ لێپرسینەوەیەکی لە ئاستدا نەدەکرا ، بوونی ئەو یاسایەش

هۆكارێك بوو لەبەردەم ڕێكخراوەكانی ژنان و كۆمەڵگەی شارستانی و كەسایەتییە ڕۆشنبیر و ئازادیخوازەكاندا كە بەردەوام كار بۆ گۆڕینی بكەن و دەرئەنجامی گشت ئەو هەوڵانەیش بووكە لە ئیدارەی سلێمانی بووە هۆی دەرچوونی بڕیاری ( ٥٩ ) ی سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بەوەی بكوژی ژنان تاوانبارە وپێویستە وەك هەر بكوژێكی تر بە سزای توندی یاسایی خۆی بگات و بەهیچ شێوەیەك سزاكەی سووك نەكرێ . ئەگەرچی گرفتەكە تا ئیمڕۆ لە كارپێنەكردنی ئەو یاسایەدا خۆی دەبینێتەوە ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی دادوەریی لەكوردستاندا تائیمڕۆ سەربەخۆ نییە ودەستێوەردانی حیزبی و دەسەڵاتە باڵادەستەكانی تری لایەن ، ئایین ، خێڵ ...هتد تیایدا زاڵە . بێگومان لە كاتێكیشدا یاسا سەروەرو سەربەخۆ نەبوو هەر تاوانبار و بكوژێك دەتوانێت بە ئاسانی لە سزادان قوتار بێت ، ئەو قوتار بوون و دەستێوەردانەش پارمەتیدەری زیاتر دەبێت لە تەشەنەكردن و ڕێگەخۆشكردن بۆ كەسانی دیكە تا پیاوان زیاتر ڕەوایەتی بدەنە خۆیان لەسەر شتە بچوك و گەورەكان هەڵبدەن ، لەوانە لەكاتی پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتیی یان پەیوەندی خۆشەویستیی، چوونە دەرەوە وپۆشاك گۆڕین ...هتد وە لەسەر هەریەك لەومافە سەرەتاییانە سوكایەتی بەژنان بكەن وبیانكوژن و هێرشیان بۆ بەرن.

لەو ڕوانگەیەوە بە بڕوای من هۆكارەكانی كوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف لەم خاڵانەدا كورت دەكرێتەوە :

١- زاڵێتی وباڵادەستی كولتوری پیاوسالاری و نێرسالاری لە كۆمەڵگەدا ، دابونەریتی سەپێنراو ، جیانەكردنەوەی دەسەڵاتە یاسادانان و

جێبەجێکردن و دادوەریەکان ، دەستێوەردانی هەمەلایەنە لە کەسایەتییە حزبی و باڵادەستەکان لەسەرجەم ئەو ناوەندانە ،جگە لە باڵادەستی دەسەڵاتی خێڵ و هۆز و عەشیرەت ، دەستێوەردان و بەکارهێنانی ئایین بە پێی بەرژەوەندی و تێکەڵکردنی بە کایە تایبەتییەکانی تاکە کەسەوە . هەموو ئەوانە وایکردووە ریزبەندی و ئەولەویەت بە مرۆڤەکان بدرێت واتە پیاو پلە یەك و ژن پلە دووی مرۆڤایەتی بێت لە کۆمەڵگەدا ، پیاو لەسەرەوەی دەسەڵاتی هەرەمیی و ژنیش لە خوارەوەی ئەو دەسەڵاتە ، هەمیشە جێبەجێکەری بریارەکانی باڵادەست بێت ، پیاو بریاردەر و ژنیش بریار بۆدراو ، پیاو هێز و دەسەڵات و ژنیش لاواز و بێتوانا ، پیاو بکەر و ژنیش جێبەجێکەری فەرمانەکان .... هتد ئەم باڵادەستییە رەنگدانەوەی تەنها لە نێوەندی خیزانەکاندا نییە ، بەڵکو لە سەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکانی تری کۆمەڵگە، خوێندنگە ، فەرمانگە و ناوەندە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵاتی سیاسیشدا بوونی هەیە . بۆیە لە نێوەندی کولتوری واقعیکی لەم شێوازەدا مانایەك بۆ مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و خودناسی ویەکترقبولکردنی مرۆڤەکان نامێنێتەوە ، بەو شێوەیەش رێژەی خۆکوژی وکوشتنی ژنان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە گشتی روودانی لە پەرەسەندندا دەبێت وەك شتێکی حەتمی وچاوەروانکراو.

٢- پاساوی سەرەکیی کوشتنی ژن لای پیاو کرینەوە و سەندنەوەی ئابرووە ، بەهۆی لادانی ژن لەدابونەریت و یاسای پیاوسالاری ، لە کاتێکدا ئەوە بۆ پیاو ئاساییە و زۆرجار جێگای شانازییە.

٣- تۆڵەکردنەوەی پیاوە لە بەرامبەر ئەوزیانە ماددی و ئابوریـیەی بـەهۆی لادانی هەر مێینەیەك لەخۆی پێی کەوتووە و ناتوانێت قەرەبووی بکاتـەوە .

٤- بەهۆی تێروانینی کۆمەڵگەوەیە کە مامەڵەکردنێکی پیاوسالارانەیە و لەو چوارچێوەیەشـدا ژن وەك کالآیـەك سـەیردەکرێ کـە نـە خـاوەنی جەسـتەی خۆیەتی، نە بیرکردنەوە و ژیانی خۆی .

٥- هەندێ لەو هۆکارانە بە پاساوی ناپاکی هاوسەرگیریی ئەنجامـدەدرێن کـە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی بکەرەکە وبەشـەکانی تـری کۆمـەڵ و نـەریت و سستمی ڕێکخستنی ئابووریی خێزان لێی بەرپرسیارن .

٦- بوونی پەیوەندی خۆشەویستی نیوان دوومرۆڤ کە بە پێـی دابونـەریت و حوکمی کۆمەلگە قەدەغە کـراوە ، کـە زۆرجـار بـەهۆی بـوونی بەربەسـت و ریگرییەکانەوە ڕەدوودەکەون ، ئەوەش جارێکی دیکـە مەترسـی و هەڕەشـە لەسەر ژیانیان دروست دەکات.

٨- گومانکردن لە بوونی پەیوەندی کچ ، ژن یـان هـەر مێینەیـەکی کۆمـەڵ هۆکارێکە و دەبێتە هۆی کوشتنیان .

٩-سـستمی خێڵـەکی کـە سـستمێکە لەسـەر بنـەمای هێـز پلەبەنـدی بـە ئەندامەکانی داوە و تەنانەت شەرەفیش لەبەهاو ماهیەتی خێڵدا دەبیننەوە ، ئەوەش لەجەستەی مێیەنەکانیدا کورت کراوەتـەوە و تەنانـەت لە لایـان بۆتـە ڕەمزێکـی سـەرەکیی بـۆ شـەرەف وە لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم تێروانینانەشدا جەستە و هەلسوکەوتەکانی مێینە دەکەوێتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە و دواتر سزادانیان گەر هاتوو سنوورەکانی خێڵیان بەزاند .

١٠- کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف ئەوەندەی پەیوەندیدارە بە کۆمەڵی هۆکاری کولتووری ، کۆمەلایەتی ، پەروەردەیی ..هتد ئەوەندە پەیوەست نییە بە خودی پیاوەوە وەك رەگەز ، واتە پەیوەندیدارە بە پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریی کە یەکێك لە خەسڵەتەکانی تەماشاکردن و دانانی ژنانە وەك کاڵایەك و لەکەدارکردنی شەرەفی ژنیش بە مانای تەعەداکردنە بۆ سەر شەرەفی کۆمەڵگە ، خێڵ ، نێرینەکان...هتد کە زۆرجار ئەنجامدانی ئەو تاوانە تەنها لە گومانکردنەوە دێت بۆ ژنەکە ، بۆ نموونە بەهۆی گومانکردن لە بوونی سێبەری پیاوێك لە حەوشەی مالێکدا یان بەهۆی قسەو قسەڵۆك یاخود بوونی ژمارەیەکی ناناشنا لە مۆبایلدا ، کوشتنی ژن ، کچ ، خوشك و دایکی لێدەکەوێتەوە لەلایەن نێرینەکانی ئەوتایەفەیەوە ، ئەمە وێرای ئەوەی بێدەنگبوون و تۆمارنەکردنی سکالاً لەلایەن زۆربەی کەسوکارەوە ، هۆکارێکە بۆ یارمەتیدان و تەشەنەکردنی ئەم کێشەیە کە زۆرجار وایلێدێت تاوانەکان پەردەپۆش دەکرێن و بکوژەکە قوتار دەبێت ، لە هەمان کاتداخۆی بە خاوەن هەقیش دەزانێت ، جگە لە جێبەجێنەکردنی یاساو سزانەدانی بکوژەکە کە دەبێتە هۆی ئیستغلالکردنی ئەو یاسایە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە پاڵنەر بۆ خیزانەکان تا کوشتار بکەن و وا لە خزم وکەسوکاریش بکەن پەردوپۆشی ئەو تاوانانە بکەن.

١١- یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە بایەخنەدانە بە هۆکارەکان و تەنها کارکردنە لەسەر دەرئەنجامەکان ئەوەش خۆی لەخۆیدا مەودای کێشەکان فراوانتر دەکات.

## پێشنیار

١- هۆشیارکردنەوەی ژنان بە مافە یاساییەکانیان، لە ڕێی بابەت ، سمینار، بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانەوە بە هاوبەشی لە نێوان دامەزراوە سزادانەکانەوە بە چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵ وێنە و شێوازە جۆربەجۆرەکانی توندوتیژی بەتایبەت کوشتنی ژنان .

٢- گۆڕانکاری لە بەرنامەکانی خوێندنی خوێندنگە و زانکۆکاندا کە ڕێزگرتنی خود و یەکتری و هاوکاریکردنی نێوان دوو ڕەگەزدا خۆی بچەسپێنن .

٣- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بۆ زانینی هۆکار وپاڵنەرە ڕاستەقینەکانی کوشتنی ژنان .

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە دەربارەی هۆکارەکانی بوونەتە هۆی سکاڵانەکردنی کەسوکاری قوربانیانیی ژنان وکچان لەسەر تاوانەکانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف .

٥-زامنکردنی پشتیوانی دارایی و هونەری بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەی قەبارەی کێشەی کوشتنی ژنان و مەودای بڵاوبونەوە و هۆکارو ئاسەوارەکانی .

٦- پیاچونەوەی گشتی بۆ هەریەك لە یاسا ، سستم ، دامەزراوە ، تەشریعات و زانیارییەکانی پەیوەندیدارن بە مافەکانی ژنان و کچان ، بە ئامانجی ئیلغاکردنەوەی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان و پاراستنی وئەنجامدانی گۆڕانکارییەکانی پێویست ، کە زامنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو دەکات .

٧- ڕاهێنان و هاندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان بۆ ڕێنماییکردنی ژنان و ئاڕاستەکردنیان بۆ شوێنە مەبەستدارەکان ، سەبارەت سکاڵاکردن

ورێنوێنیکردنیـان بـۆ باشـترین ڕێگـە سـەبارەت چارەسـەری کێـشەکانیان ، لەگەڵ کارکردن بۆ پـشتیوانیکردنی ئـەو ڕێکخراوانـە بـە کادری هونـەری و پسپۆڕ و بەتوانا .

٨- دانانی بەرنامەیەك لەسەر ئاستی وولاّتان بـۆ کەمکردنـەوەی توندوتیـژی دژ بە کچان و ژنـان بـە هاوکـاریکردن لـە نێوان لایەنـە فەرمییـە پسپۆڕ و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان .

٩- دانانی میکانیزم ودارشتنی سیاسـات بـۆ پاراسـتن و چـاودێریکردنی ژنـان وکچانی قوربانیانی توندوتیژی .

١٠- دروستکردنی پەناگە و سەنتەری جۆربەجۆر بۆ پاراستن و ئامادەکردنی ئەو ژن و کچانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە ، بە هاوکاری نێوان لایەنە فەرمییە پسپۆڕەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان .

١١- بانگهێشتکردنی لایەنە حکومییەکان بۆ پیاچونەوەی خێرا بە کاررایيـە "ئیجرائاتـە" یاسـاییەکان لـە چـۆنێتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ مەسـەلەکانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف .

١٢- هۆشـیارکردنەوە و ڕاهێنـانی کـارکردووان لـە دەزگاکـان وەك پـۆلیس ، دادوەر ، پزیشك و دامەزراوە سزادانەکان .....هتد بە چۆنێتی مامەڵـەکردن لەگەڵ شێوازەکانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف .

١٣- بانگهێـشتکردنی گـشت لایەنـەکان بـۆ بایەخـدان بـە دەرچـوونی گـشت ئامارە فەرمییەکان لە گشت بوارەکانـدا کـە بـە پێـی ڕەگـەز پـۆلێنکراوە بـۆ ئاسانکردنی گەیشتن بە زانیارییە ووردەکانی پەیوەندیدارە بە ژنانەوە .

١٤- بانگهێشتکردنی لایەنە فەرمیی و ڕێکخراوە حکومیی وناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی ماف مرۆڤ بۆ هەوڵدان سەبارەت دانانی بەرنامە ومیکانیزمی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی بۆ چارەسەری کێشەی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف .

١٥- چالاککردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان بە سازکردنی بەرنامەی هۆشیاری و فێرکردنی بەردەوام بۆ خستنەڕووی کێشەکەو هۆکار و ئاسەوارەکانی .

١٦- هەڵتەکاندنی ئەو بنەما ئابورییە نێرسالارانەیەی ناو کۆمەڵ وخێزان کە بێگومان بە بەشداریکردنی ڕەگەزی ژن لە کاری بەرهەمهێناندا دەبێت ، بە هەمان ئاست و شێوەی پیاوان ، کە لەوێدا ژنان خەسڵەتی بە کاڵابوونیان وەلا دەنێن ، واتە ماناکانی مرۆڤبوونی خۆیان بەدەست دەهێننەوە . ئیدی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان لە بواری هاوسەرگیریدا ڕێوشوێنی نوێ دەگرنە خۆ ، کە پێکهێنانی خێزان تیایدا بەدەردەبێت لە لاسەنگیی ئابوریی و هەردوو ڕەگەز تیایدا بەشدار دەبن لە پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی و بەهۆی ناڕێکییەك لە پەیوەندیان بە زیانی ئابووری تەنها لایەنێکیان تەواو نابێت و پیاو تیایدا هەست بە زیانی ماددی ناکات ، بەوەش لە کاتی کۆتاییهێنانی هەر پەیوەندییەکی هاوسەرگیری تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرییەکە تەواو دەبێت ، نەك بە پەنابردنە بەر توندوتیژی.

ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتووە :

١- العنف الاسري ( قراءة في الظاهرة من اجل مجتمع سليم ) كاظم الشبيب .

٢- العنف الاسرى ( الجريمة والعنف ضد المراءة ) د. ليلي عبد الوهاب .

٣- سمات الشخصية العراقية في كتابات الاجتماعية ، رسالة ماجستير موفق وبيسي محمود.

٤- التشريع الجنائي الاسلامي عودة عبد القادر.

٥- في خلال القران السيد القطب .

٦- هەرگیز لەژنبوونم پەشیمان نیم د .رونیا تلوعی .

٧- المراة النتيجة الثمانينات د. يحي فائز الحداد.

٨- کۆمەڵزانی کورد فوئاد تاهیر سادق .

٩- موسوعة علم الاجتماع . احسان محمد الحسن .

١٠- جريمة القتل اسبابها وخصائصها . عبد السلام جنزيل الاسدي .

١١- علم الاجرام ، احسان محمد الحسن .

١٢- دراسة في علم الاجرام والعقاب ، محمد زكي ابو عامر.

١٣- باحث اجتماعي ، محمد الدعمي ، الانترنت ، اسلام اون لاين.

١٤- تاوانی کوشتن هۆکاری تۆڵەسەنندنەوە ودەرئەنجامەکانی ن توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی شاری سلیمانی .

١٥- دادوەری جەندەری و مافەکانی ژنان لە عێراق .وەرگێرانی سەلام کەریم ، گارزان عەلی .

١٦- ڕەدووکەوتن لە کولتوری کوردیدا لێکۆڵینەوەی بوار نورەدین .

١٧- توندوتیژی خێزانیی . ئاوات محمد .

وێنەکان لە(پەیمانگەی پزیشکاریی دادوەریی لەپارێزگای سلێمانی) وەرگیراوە.




شوێنی رووشان و کوتران و شوێنی جەبل




کوتران و شینبوونەوە بەهۆی زەبری دەرەکی




سووتان و ڕەشبوونی بارودی بە هۆی فیشەکەوە



سووتان و ڕەشبوونی بارودی بە هۆی فیشەکەوە



کوژران و شینبوونەوە بەهۆی زەبری دەرەکییەوە




کرژبوونی لاشەیی کە ئەمەش ئاماژە بە تەنگەژەی دەروونی ئەکات پێش مردن




سوتانی نازیندەگی واتە دوای مردن




سووتانی نازیندەگی واتە دوای مردن– دەرکی چوونە ژوورەوەی فیشەك لە بەشی پشتەوە ی سەر




سووتانی نازیندەگی واتە دوای مردن – دەرگی چوونە دەرووەی فیشەك لە بەشی پێشەوە ی سەر




شێوەی سووتانێک کە هۆکارەکەی کارەبا بێت



شوێنی سووتانێک کە هۆکارەکەی کارەبا بێت




شوێنی سووتانێك كه هۆكارەكەی كارەبا بێت




شوێنی سوتانێك كە هۆكارەكەی كارەبا بێت




کوترانی ناوەوەی مل دوای توێکاری

نرخى ( ٢٠٠٠ ) دیناره

# Women Murdering in Media Statistcs

**By: Knere Abdullah**

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان